Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.220902012

# پاڵنەرەکانی بوون بە ژنی خاوەن کار لە کۆمەڵگەی کوردی /شاری سلێمانی بە نمونە

ژیا عباس قادر

ئاڤان فواد فقێ صالح

بەشی کاری کۆمەڵایەتی// کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان // زانکۆی سلێمانی

**پوختە**

ئەگەر ئاورێك لە مێژووی مرۆڤایەتی بدەینەوە دەبینین هەمیشە ژن توانیویەتی ئەو رۆاڵنەی بۆی دەست نیشان کراوە لە نێو چوارچێوەی ماڵ بەباشترین شێوە ئەنجامی بدات، ئەگەرچی لەم ساڵانەی دوایی ژنان توانیان سەرکەوتنی بەرچاو بەدی بهێنن لە رۆڵێکی نوێی جیاواز لەوەی پێشوو پیادەیان کردووە ئەویش رۆڵیانە لە بازاڕی کارو بازرگانیدا ،لەکاتێکدا هێشتا لە زۆر جێگاو ناوچە قبوڵکراو نیە و لە زۆرێك لە کلتورەکان ڕێگریان بۆ دروست دەکرێ هەربۆیە کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە دۆزینەوەی وەاڵمێکی زانستی بۆ ئەم پرسیارە سەرەکیانە ، کە بریتین لەوەی ئەو پاڵنەرانە چین وا دەکات ژنێك ببێتە خاوەن کار ؟ ئاستەنگە کلتوری و خێزانیەکان چین لە پێش ژنی خاوەن کار ؟ گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە ، بریتیە لە زانینی پەیوەندی نێوان ژنانی خاوەن کارو ئەو پاڵنەرانەی هانیان دەدات بۆ بوون بە خاوەن کار لەالیەک و لەالیەکی دیکە پەیوەندی نێوان ژنانی خاوەن کارو ئاستەنگە کۆمەاڵیەتیانەی دێتە رێگەیان بە پێی زۆرێك لە گۆڕاوە کۆمەاڵیەتیەکان، توێژینەوەیەکە چۆنێتیەو پشتی بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی بار بەستووە و ئامرازی چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە ، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە ژنانی خاوەن کار لە شاری سلێمانی و (١٢) ژنی خاوەن کاری وەك نموونەی توێژینەوەکە وەرگرتووە بەشێوەیەکی مەبەستدار و لە جۆری تۆپەڵە بەفرینە .لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە ، بریتییە لەوەی زۆربەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە تەمەنیان لە نێوان (٥٢-٥٢ )ساڵیدایەو پاڵنەری سەرەکی بونیان بە ژنی خاوەن کار پەیوەستە بە شێوازی پەروەردەکردنی خێزانیان و پاڵپشتی خێزان بە تایبەت هاوسەر، دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستەو بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئابووری، ئاستەنگی سەرەکی پێشیان بریتیە لە تێڕوانینی نەرێنی کۆمەڵگە و قسەوباس ونەبونی پاڵپشتی دارایی.

*Article Info*

Received: February,2022
Accepted : April ,2022
Published :June ,2022

*Keywords*

پاڵنەرەکانی بوون بە ژنی خاوەن کار، ژنی خاوەن کار لە کۆمەڵگەی کوردی، شاری سلێمانی.

*Corresponding Author*

zhiya.qader@univsul.edu.iq
Avan fuad@univsul.edu.iq

## پێشەکی:

سەرهەڵدانی شۆرشی پیشەسازی کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر سیستەمی ئابوری کۆمەلگە و شێوازی کارکردن گۆڕا لە کشتوکالی بۆ پیشەسازی چیتر کارەکان و ڕەوتی بەرەو پێشبردنیان پێویستی بە هێزی بازوو نەبوو بەڵکو گۆڕانی بەسەردا هات و زیاتر پێویستی بە دەست و پەنجەی ورد هەبوو ئەمە وایکرد خاوەن کارگەکان داخوازیەکانیان لەسەر ژنان زیادی کرد بۆ ئەوەی بەکاریان بهێنن بۆ گەلێ کاری نوێ کە سەرەتایەك بوو بۆ هاتنە دەرەوەی ژنان بە لێشاو بۆ بازاری کارکردن و لە هەمان کاتدا چونە بەر خوێندن و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیان لەڕێگەی سەرهەڵدانی بزوتنەوە فێمینستیەکان ئەگەر چی دەرکەوتنی ژن وەك خاوەن کار مێژویەکی کورتی هەیە بەڵام ژنانی ئەمڕۆ توانیویانە خودی خۆیان بسەلمێنن و تواناکانیان بخەنە گەڕ لە ڕێگەی ئیدارەدانی کارو ئەو ستافەی لە ژێر دەستیان کاردەکەن و سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەست هێناوە لەم ڕووەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی ژنانی خاوەن کار لە کۆمەلگەی کوردی وئەو ئاستەنگانەی خێزان و کلتور بۆیان دروست دەکات بەو پێیەی کە نامۆ و تازەن لە بواری ئەم جۆرە کارو بازرگانیە چونکە ئەم کارەیان دەرچونە لە وێنە تەقلیدیە باوەکەی کۆمەڵگە بۆی وێنا کردون . لێرەوە تەواوی توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر چەند بەشێکدا ، بەشی یەکەم ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە لە چەند باسێك پێکدێت ، باسی یەکەم چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکەیە (کێشە و گرنگی و ئامانج) ی توێژینەوەکە لە خۆ دەگرێت ، باسی دووەم دیاریکردنی چەمك و زاراوەکانە ، باسی سێهەم خستنە ڕووی توێژینەوە هاوشێوەکانە ، کۆتا باس تیۆری بەکارهێنراوە لە توێژینەوەکە.پاشان بەشی دووەم ئەویش بەهەمان شێوە چەند باسێك لەخۆ دەگرێت باسی یەکەم پێك دێت لە پاڵنەرەکانی بوون بە ژنی خاوەن کارە ،دواتر لەباسی دووەم ئاستەنگە کۆمەڵایەتیەکانی بەردەم ژنی خاوەن کار دێت دواتر لە باسی سێهەم شوێنەوارەکانی ئەم ئاستەنگانە چین لەسەر خودی ژنەکە خۆی و کۆمەڵگا ، پاشان بەشی سێهەم چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوەکەیە لە سێ باس پێك دێت باسی یەکەم ڕێکارە مەیدانیەکان ، باسی دووەم خستنە ڕووی کەیسەکان ، باسی سێهەم دەرئەنجامی توێژینەوەکەیە و لەکۆتایدا پێشنیارو ڕاسپاردەکانە

## بەشی یەکەم:چوارچێوەی گشتی توێژینەوە

باسی یەکەم : ڕەگەزەکانی توێژینەوە

یەکەم : کێشەی توێژینەوە (The Problem of The Study)

بەپێی ئەو گۆڕانکاریە تەکنەلۆژی و ئایدۆلۆژیایەی بەسەر کۆمەلگەی جیهاندا هات بێگومان ژنان وەك ڕەگەزێکی سەرەکی کۆمەڵگا بەدەرنەبوون لە شوێنەوارەکانی ئەم گۆرانکاریە و بەتایبەت لە ڕووی دەرچونی لەو وێنە باوەی هەیبوو کە خۆی دەبینیەوە لە چوارچێوەی چەند ڕۆڵێکی دیاریکراو لە چوارچێوەی ماڵدا ئەوانیش ( دایك ،هاوسەر ،کەیبانوی ماڵ ) ئەگەر چی هەتا ئێستاش بۆچونەکان بۆ ژنان هەر لەو چوارچێوەیەدا خول دەخوات بەلاَم ژنان بە هەوڵ و ماندوو بوونی خۆیان توانیان ئەو سنورو کۆت و بەندەی بۆیان کێشرابوو بیبەزێنن نەك هەر ئەوەندە بەڵکو چونە ئەو بوارانەش کە بەدرێژایی مێژوو لێیان قەدەغە کرابوو بەناوی ئەوەی کارێکی پیاوانەیە وژن ناتوانێت ئەنجامی بدات، بەلاَم بێگومان ئەمە ئاسان نەبوو بۆیان چونکە بۆ ژنێك لەچوارچێوەی کلتورێکی نێرسالاری دەژی و هەموو سیستەمەکانی کۆمەڵگا لە دژیەتی ئەمە بێگومان قورس بوو بە بەراورد بە هاوپیشە پیاوەکانی بۆ هەمان کارو پیشە ، هەر لەبەر ئەمەش ئەم بابەتە بۆتە جێگای پرسیار لای توێژەر هەوڵدەدات لەرێگا ئەم توێژینەوەیە وەڵامێکی وورد و زانستی بۆ ئەم پرسانە بدۆزنەوە لەوانە : (ئایا ئەو پاڵنەرانە چین وا دەکات ژنێك ببێتە خاوەن کار؟ ئەو ئاستەنگە خێزانی و کلتوریانە چین کە دێتە پێش ژنی خاوەن کار؟ شوێنەوارەکانی ئەم ئاستەنگانە چین لەسەر خودی ژنەکە خۆی و کۆمەڵگا ؟

دووەم : گرنگی توێژینەوەکە(The Significance of Study)

بێگومان هەر توێژینەوەیەکی زانستی ئەنجام دەدرێت گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە ، گرنگی ئەم توێژینەوەیەش لە چەند ڕوویەکەوەیە ئەوانیش:

١ . لایەنی تیۆری : گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە رووی تیۆری پەیوەستە بە ناوەرۆکی توێژینەوەکە تیشك دەخاتە سەر بابەتێکی تازە و نامۆ بە کۆمەڵگای کوردی بەو پێیەی پێشتر ژن تەنها لە نێو ماڵ یان هەندێك بواری خزمەتگوزاری کاریکردووە واتە لەدەرەوەی ماڵیش کاری کردبێت وەك ژنێکی ئیشکەر لەدامەزراوەیەك لە بەرامبەر برە داهاتێك کاری کردووە بەلاَم وەك ژنێك خۆی خاوەن کاری سەربەخۆی خۆی بێت تازەیە و توێژینەوەی لەبارەوە نەکراوە.

٢. لە رووی پراکتیکی : ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێك دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیاری خستۆتە روو وەك بەرچاو رونیەك بۆ توێژەران و کەس و لایەنی پەیوەندیدار تاوەکو کاری جیدی بکرێت بۆ کەم کردنەوەی ئاستەنگەکانی پێش ژنی خاوەن کار و هاندان و بە تواناکردنی ژنان تا ببنە خاوەن کاری سەربەخۆی خۆیان .

سێیەم : ئامانجی توێژینەوەکە(The Aim of Study)

گرنگترین ئامانجی توێژینەوەکە:

١..ناساندنی پاڵنەرەکانی بوون بە ژنی خاوەن کار.

٢.زانینی پەیوەندی نێوان ژنانی خاوەن کارو ئەو ئاستەنگانە کۆمەڵایەتیانەی دێتە ڕێگەیان بە پێی زۆرێك لە گۆڕاوە کۆمەڵایەتیەکان وەك: (تەمەن ،باری کۆمەڵایەتی ،بڕوانامە ،سروشتی کار ، بازرگانی ، پیشەسازی ، خزمەتگوزاری یان دەست ڕەنگینی ).

باسی دووەم / دەستنیشانکردنی چەمك و زاراوەکان

یەکەم : ئاستەنگی کۆمەڵایەتی(social handicaps)

لەڕووی زمانەوانیەوە: چەمکی ئاستەنگ لە ووشەی ڕێگری گرتن _ یان قەدەغەکردن هاتووە – واتەڕێگری کردن لە ئەنجام دانی شتێك (معجم اللغة العربية ، ١٩٦١ : ٦٤٣) . بەلاَم ( روبرت میرتون) پێیوایە ئاستەنگ بارودۆخێکی چاوەڕواننەکراوە دەبێتە هۆی کەم و کورتی هێنان لە پێش زۆرێك لە سیستەمە کۆمەڵایەتیەکان (السيد ، ١٩٨٣ :٥٣) ،لەلایەکی تر (طلعت ابراهيم لطفى ) دەڵێت واتە پابەند نەبونی تاکەکان بە ئەنجام دانی ڕۆڵەکانیان دەبێتە هۆی شکستهێنان لە سیستمەکانی کۆمەڵگەو سەرئەنجام ڕودانی مەترسی لە کارو ڕێکخستنی کارەکە دواتر دەبێتە لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی سیستەمەکان و دارمانی (لطفى، ٢٠٠٩:٥٨).

کەواتە پێناسەی تیۆری بۆ چەمکی ئاستەنگ : کۆی ئەو ڕێگریانەیە دێتە پێش کەسێك لەکاتی ئەنجامدانی کارێك وادەکات کەسەکە نەتوانێت بەئاسانی ئامانجەکانی بێنێتەدی..

پێناسەی ڕێکاری بۆ ئەم چەمکە: لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە ئاستەنگ ئەو ڕێگریانەیە دێتە پێش ژنانی خاوەن کار لە کۆمەڵگای کوردی .

دووەم : ژنی خاوەن کار

لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد پێناسەی کردووە ژنی خاوەن کار ئەو ژنەیە لە دەرەوەی ماڵ و لە پێگەی باڵادا کار دەکات( oxford dictionary)

(منظمه العمل الدولیه ، ٢٠٠٩ ) پێناسەی ژنانی خاوەن کار دەکات مەبەست لێی ئەو ژنانەیەخاوەنی پرۆژەیە کی ئابووری سەربەخۆن و لەسەر هەژماری تایبەتی خۆیان کاردەکەن ولەم کارەدا کەسێك یان زیاتر دەخەنە گەڕ. بەپێی ئەم پێناسەیەش ژنی خاوەن کار ئەو ژنەیە بەرپرسی یەکەمە لە پرۆژە بازرگانیەکان خۆی خاوەن کارەو بەڕێوەبەری یەکەمە یان هاوبەشە لە کارێکدا. یەکێك لەو توێژینەوانەی (Gemechis Tefera) لەزانکۆی (ریفت فالی) لە ئیسوبیا (٢٠٠٧) ئەنجامیداوە : پێناسەی ژنی خاوەن کار دەکات بەوەی ئەو ژنانەیە کارێکی ئازادو سەربەخۆ بە خۆیان ئەنجام دەدەن ، نەك لەبەرامبەر وەرگرتنی کرێیەك بەڵکو خاوەن پرۆژەیەکی ئابووری سەربەخۆی خۆیانن خاوەن داهات و سەرمایەن و هەر خودی خۆیان بەرپرسیارێتی کارەکە دەگرنە ئەستۆ.

-پێناسەی تیۆری : مەبەست لێ ی ئەو ژنانەیە کارێکی تایبەت بە خۆیان هەیەو خاوەنی ئابووریەکی سەربەخۆن لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی تایبەت بە خۆیان ، بەرپرسیارێتی ئەو کارو چالاکیانە هەڵدەگرن کە ئیشی تیادا دەکەن .

-پێناسەی ڕێکاری : لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لێی ئەو ژنانە دەگرێتەوە کارێکی سەربەخۆی خۆیان هەیە.

باسی سێیەم : توێژینەوەکانی پێشوو

یەکەم : خستنە ڕووی توێژینەوەکانی پێشو

١. توێژینەوەی (حتاوی - ٢٠١٤) بە ناونیشانی ( سیاسەتی بەرەوپێشبردنی بەشداریکردنی ژنانی خاوەنکار لە دەوڵەتی فەڵەستین )

ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەش ، دەست نیشان کردنی ئەو ئەو ئاستەنگانەی ڕوبەڕوی ژنانی خاوەن کار و چالاکیەکانیان دەبێتەوە ، هەروەها تایبەتمەندیەکانی ئەو چالاکیانەی کە ژنانی خاوەن کار ئەنجامی دەدەن لە فەلەستین بەبەراورد بە پیاوان ، ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەسەر هەندێك لە ژنانی خاوەن کار لە فەلەستین ئەنجام دراوە ، توێژەر ڕێبازی روپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە و بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان پشتی بە فۆرمی ڕاپرسی بەستووە ، هەروەها میتۆدی بەراوردکاری بەکارهێناوە بۆ بەراوردکردنی ژنانی خاوەن کاری فەلەستینی لەگەڵ پیاوانی خاوەن کاری هەمان کۆمەڵگە ،لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە ، داگیرکاریەکانی ئیسرائیل بۆ سەر فەلەستین هۆکارێکە بۆ ئەوەی ژنان نەتوانن پەرە بە تواناکانیان بدەن ، یەکێکی تر لە دەرئەنجامەکان ،چالاکیەکانی ژنانی خاوەنکار تەنها پێکهاتووە لە چالاکیە وەبەرهێنەکان کە لە (خزمەتگوزاریەکان - تەندروستی - فێرکاری ) کۆدەبیتەوە، گرنگترین بەربەست وا لە ژنان دەکات نەتوانن قازانجی پێویست بەدەست بهێنن لە پرۆژە ئابوریەکاندا بە هۆی ڕێگرە خودی و کۆمەڵایەتی و کلتووریەکانەوە وەك ( پیاوسالاری ، بەرپرسیارێتی خێزانی ، چاودێریکردنی منداڵ ) . یەکێکی تر لەو کێشانەی ڕووبەڕووی ئەم ژنانە دەبێتەوە تێڕوانینی نەرێنی پیاوانە بۆیان و پاڵنەری سەرەکی ژنان بۆ بەشداریکردن لە چالاکیە ئابوریەکان پێداویستی ئابووریە بەڵام لای زۆرێك لە پیاوان تەنها حەزێکە.

٢. توێژینەوەی (غیات – ٢٠١٥) بە ناونیشانی (ئاستەنگە کلتوریەکانی ژنانی خاوەن کاری عەرەبی)

کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە دەرخستنی تواناکانی ژنی خاوەن کارو کەسێتی و لێهاتوییان لە کارو بەڕێوەبردن و کارگێڕی کردنی بۆ ئەو کارو پرۆژانەی ئەنجامی دەدەن، کێشەیەکی دیکەی توێژینەوەکە ئەوەیە لە گەڵ هاندانی حکومەت بۆ ئەو بابەتە هێشتا کلتوری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بەربەستێکی دروست کردووە لە پێش ژناندا و ڕێگەی سەرکەوتنیان لێدەگرێت،ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چەندایەتیە ، پشتی بە فۆرمی ڕاپرسی بەستووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان نمونەی توێژینەوەکە لە (٦٥) ژنی خاوەنکار کە خاوەنی دامەزراوەی بچوکن لە جەزائیر . لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە ، زۆربەی ئەندامانی توێژینەوەکە تەمەنیان لە خوار ٣٠ ساڵ بوو و زۆربەیان خاوەن بڕوانامەی زانکۆیین و خێزانیان پێکهێناوە. ، هەروەها ئەندامانی توێژینەوەکە لەپرۆژە وەبەرهێنەرە جۆراوجۆرەکانی وەك ( خزمەتگوزاری ، پیشەسازیە تەقلیدیەکان ، ئارایشتگا ، ئیشی دەست و چنین ) پێکهاتووە واتە زۆربەی ئەو پرۆژانەی کە کاری تێدا دەکەن پرۆژەی بچوکە بەپێی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەرکەوتووە سەرەڕای ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر کۆمەڵگەدا هاتووە بەڵام تا ئێستا کۆمەڵگەی جەزائیری زۆرینەی پیاوان قبوڵی ناکەن لە ژێر دەستی ژنێك کاربکەن ، تێڕوانینی نەرێنی پیاوان بەرامبەربە ژنانی خاوەن کارو گێچەڵ پێکردنی سێکسی لەلایەن پیاوانەوە یەکێکی ترە لە کێشەکان ئەمەش کاریگەری لەسەر کارو سەرکەوتنیان دروست دەکات ، سەبارەت بە ژنانی خاوەن کاری هاوسەرداریش زۆرینەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کێشەکانیان زۆرترە سەرەرای ئەوەی بونەتە خاوەن کاری سەربەخۆی خۆیان کەچی هێشتا نەیان توانیوە لەبەرپرسیاریەتیە تەقلیدیەکان ناو خێزان رزگاریان بێت.

٣. توێژینەوەی( نسینجیمانا-٢٠١٧)بە ناونیشانی (ئەو ئاستەنگانەی کە ڕووبەڕووی ژنانی خاوەن کار لە شاری کیغالی لە رواندا دەبێتەوە)

لە گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە ، دیاریکردنی ئەو ئاستەنگانەیە کە ڕووبەڕووی ژنانی خاوەن کار دەبێتەوە لە کیغالی ، هەروەها تێڕوانینی کۆمەڵگە سەبارەت بە ژنانی خاوەن کار لە کیغالی چۆنە ، یان دیاریکردنی هۆکارەکانی کەمی ژمارەی ژنانی خاوەن کار لە کیغالی ،توێژینەوەیەکی چەندایەتیە ، توێژەر میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە و بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان پشتی بە فۆرمی ڕاپرسی بەستوە، نموونەی توێژینەوەکەش پێکهاتبووە لە (٣٩٨) ژنانی خاوەن کار لە سێ ناوچەی جیاواز لە کیغالی ، سەبارەت بە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەموو ئەو ژنانە دەگرێتەوە خاوەن کارن و پرۆژەی سەربەخۆی خۆیان هەیە لە رواندا کیغالی .لە گرنگتری دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەش ، زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە جەختیان کردۆتەوە لەسەر ئەوەی ڕووبەڕووی ئاستەنگی ئابووری بونەتەوە بەهۆی ئەوەی پاڵپشتی داراییان نیە بە ڕێگریەکی گەورەی

دەزانن کە بەهۆیەوە ناتوانن کارەکانیان بە باشی ئەنجام بدەن چونکە بەبێ نەبونی پارەی پێویست ناتوانن پەرە بە کارەکانیان بدەن ، سەبارەت بە رێگربە کلتوریەکانیش زۆربەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە هەرچەندە ژنان لە رواندا نموونەی جوانی و چالاکین و خاوەن کاری سەرکەوتون ، بەلام رەگەزی بەرامبەر رێگری لە ژنان دەکەن بۆ ئەوەی بەشداری لە چالاکیە ئابووریەکان نەکەن .

دووەم : گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو

لە دوای پێداچونەوە بە توێژینەوە هاوشێوەکان دەرکەوتووە خاڵی لێکچونی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ ئەوانی دیکە لە بابەتی توێژینەوەکەدایە کە هەموو هەوڵ دەدەن دیراسەیەکی ورد و قوڵی ژنانی خاوەن کار بکەن بەڵام هەریەکەو لە کۆمەڵگەیەکی جیاواز.

بەو پێیەی کە ئامانجی ئەم توێژینەوانە جیاوازە بۆیە لە رووی میتۆدۆلۆژیش جیاوازن نموونە هەموو توێژینەوەکان پشتیان بە میتۆدی رووپێوی کۆمەڵایەتی یان چەندایەتی بەستوە وەك ئاماژەمان پێ کرد و تەنانەت ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریەکانیشیان جیاوازە.

بەڵام ئەم توێژینەوەیە ئامرازی لێکۆڵینەوەی باری بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە راستی و دروستی زانیاریەکان ، بەڵام توێژینەوەکانی پێشو فۆرمی راپرسیان بەکارهێناوە جگە لەوەی کۆمەڵگەی توێژینەوە و نموونەی توێژینەوە جیاوازن وە دەرئەنجامەکانیشیان وەك دەردەکەوێ.

باسی چوارەم : تیۆری بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا

ئەو تیۆرەی توێژەران پێیان باش بوو تەوزیفی بکەن لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە تیۆری رۆڵی کۆمەڵایەتی و بەتایبەت بۆچونەکانی (الیزابیث جینوی) لە پێشەنگەکانی ئەم تیۆرەیە،پێیوایە هەموو رۆڵێك تاك دەیگێڕێ لە کۆمەڵگە (٢) رەهەندی هەیە : یەکیان ئەوەیە رۆڵەکان لەدەرەوەی توانا و دەسەڵات و هەڵبژاردنی تاکەکان و واتە سەربەخۆو دەرەکین لەسەر ئاستی کۆمەڵگە دارێژراوە بەدەر لەوەی کە تاك کێیە پێی هەڵدەستێت ،لە بەرامبەردا رەهەندێکی دیکەی رۆڵەکان بریتییە لە گونجاندنی لەگەڵ رەگەز مەبەست لێ ئەو رۆڵانەیە تایبەتە بە رەگەزەکان (جینوی) پێیوایە رەگەزی مێ واتە رۆڵی دایکایەتی و خزمەتکردنی ئەوانی دیکە لە منداڵ و نەخۆش و پیرو پەکەوتەکانی خێزان ئەمە ئەو رۆڵانەیە منداڵێکی کچی لەسەر گۆش دەکرێت هەر لەسەرەتای لە دایك بونی جا بە راستەوخۆ بێت فێری دەکرێت لەلایەن دایك و باوك و ئەوانی تر یان بە ناڕاستەوخۆ لە رێگەی لاسایی کردنەوەی گەورەکان فێر دەبێ یان لە رێگەی یاریەکانی فێری دەکرێت پاشان لە ناو مێشکی جێگیر دەکرێ و دواجار کاتێك دەچێتە دەرەوەی ماڵیش هەر خۆی لە چوارچێوەی ئەو کارانە دەبینێ و زیاتر روو لە کارە خزمەتگوزاریەکان و کەرتی پەیوەندیە مرۆڤایەتیەکان دەکات بەڵام پیاوان بە پێچەوانەوە هەوڵی گەیشتن دەدەن بە پۆستە باڵاکان و تەنانەت نەخودی پیاوان خۆیان و نە کۆمەڵگەش چاوەڕێی ئەوەیان لێناکات لەو کەرتانە کاربکەن کە ژنانەن ئەنجامی دەدەن .

لەلایەکی دیکە (جۆرج هربرت مید ) کە سەر بەم تیۆرەیە باسی لە دوو چەمکی دیکە دەکات ئەوانیش پێگەو رۆڵە ، (مید ) پێیوایە هەر پێگەیەك رۆڵێکی دیاریکراوی پێوستە وەك مۆدێلێکی رەفتارو هەڵسوکەوتە چاوەڕێی دەکرێت لەو کەسەی لەو پێگەیەدایە ئەنجامی بدات لەسەر بنەمای رەگەز پێگەکانی نێرو مێ هەر لە سەرەتاوە دەست نیشان کراوە ئەمە وادەکات هەر لە منداڵیەوە ئامادەبکرێت بۆ بینینی ئەو رۆڵانەی تایبەتە بەو پێگەیەو دواتر شوێنەوارەکانی لە گەورەبون بە ئاسانی بەرجەستە دەکرێت هەر ئەمەش وایکردووە کاتێك گەورەش دەبێ چی تر مێشکی کۆنکرێتی بووە سەبارەت بەو رۆڵانەی بە درێژایی ماوەی تەمەنی فێری کراوە ئیتر ناتوانێ لە دەرەوەی ئەوە خۆی ببینێ و هەر لەو چوارچێوەیە خول دەخوات (حوسو ، ٢٠٠٩ : ١٥٨-١٥٩).

توێژەران توانیویانە سود لەم تیۆرە وەربگرن بۆ لایەنی تیۆری پراکتیکی توێژینەوەکە بەو پێیەی بابەتی ژنانی خاوەن کار دەرچونە لەو وێنە باوە تەقلیدیەی کۆمەڵگە بۆ نێرو مێ دەست نیشان کردووە واتە دەرچونە لەو رۆڵانەی هەر لە منداڵیەوە وەك مێیەك بۆی دیاری کراوە ، بەڵام بێگومان ئەمە وادەکات ئەو ژنانە رووبەڕوی کۆمەڵێك ئاستەنگی خێزانی و کۆمەڵایەتی ببنەوە کە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەیە.

## بەشی دووەم: ژنانی خاوەن کار

### باسی یەکەم : پاڵنەرەکانی کارکردنی ژنان

لە گرنگترین ئەو پاڵنەرانەی وا لە ژنان دەکات بچنە مەیدانی کارکردنەوە بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:-

١. پاڵنەری خودی:-

مەبەست لێی هەموو ئەو پاڵنەرە ناوەکیانەیە کە هاندەری تاکە بۆ ئەوەی ئامانجی هەبێ لە ژیان و پلان و بەرنامەو رێگای تایبەت دابنێ بۆ گەیشتن بەو ئامانجە واتە شتێکە لە ناخەوە تاك دەوروژێنێ بۆ گەشتن بە خەونەکانی ، بەڵام ئەم پاڵنەرە ناوەکیە هەر لە خۆوە دروست نابێ بەڵکو پەیوەستە بە هەندێك فاکتەر لەوانە وەك (مۆرای) دەڵێت شێوازی پەروەردەکردنی و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و بە تایبەت شێوازی مامەڵەی دایك و باوك لە منداڵیەوە کاریگەری گەورەی هەیە ، لەسەر ئەم بابەتە (مۆرای ) پێیوایە هەمیشە ئەو کەسایەتیەی لە تەمەنی منداڵی لە خێزانێکی بەختەوەرو پارێزراو ژیاون و سۆز و خۆشەویستی باوانیان لێدەرکەوتوە دایك و باوك هەمیشە هانیان داون بۆ ئەوەی پشت بە خودی خۆیان ببەستن لە تەواوی ژیان لە کارو چالاکیەکانی وەك (خوێندن – یاری کردن – جل لەبەرکردن – نان خواردن ) (قەرەچەتانی ، ٢٠٠٦ :١٠٦-١٠٧) . ئەمانە جۆرە کەسیەتیەکی وایان بۆ دروست بووە ئامادەی کردون تا لە گەورەیشدا متمانەیان بە بونی خۆیان هەبێت و تواناکانیان بەکاربهێنن بۆ گەشتن بە هەموو ئەو شتانەی دەیانەوێ بێ ئەوەی چاوەڕێی کەسی تر بکەن بۆیان ئەنجام بدات و بگەنە پۆست و پلەی باڵا . دەروونناسی مرۆڤگەرایی هەرەمێکی دانا دابەشی کردبوو بەسەر چەند پلەیەك لە هەرەمەکەدا پێداویستیە سەرەتایی و پاشان پێداویستی بۆ هەست کردن بە ئارامی و ئاسایش وە لە پلەی دوایی پێداویستی بۆ سۆز و خۆشەویستی و قبوڵکردن لە لوتکەی هەرەمەکە بە جێگەیاندنی خودە ، (ماسلۆ) پێیوایە کاتێك تاك دەگاتە لوتکەی هەرەمەکە ئەو کاتە یەکە پێداویستیەکانی خواروی پڕبۆتەوە و گەیشتۆتە ئاستێك بەتەواوی خۆی دەناسێ و توانا دیارو شاراوەکانی دەزانێ و چی تر هەوڵ نادات ئەوەبێ کە ئەوانی تر پەسەندی دەکەن بەڵکو ئیتر بە هەموو باوەڕێکی هەوڵ دەدات ئەوەبێ کە خۆی دەیەوێ بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی پلەکانی خوارەوە هەمیشە پێویستی بە باوانی و بە تایبەت دایك هەیە چونکە دایك تەنها رۆڵی بەخێوکردنی منداڵ نیە واتە دابین کردنی پێویستی سەرەکی بۆ مانەوەی لە ژیان ئەوەندەی تر رۆڵی پڕکردنەوەی

پێداویستی سۆزداری و هەڵچونی و دەروونی تاکە تا دەستی بگرێت هەنگاو بە هەنگاو پشتیوانی بێت تا دەگاتە پلەی باڵای خودناسی ، کاتێك دەگاتە لوتکەی هەرەمەکە ئەو کاتە ئیتر متمانەی تەواوی بە خۆی هەیە و ئەو کارە دەکات کە باوەڕی پێیەتی رەنگە ببێت بە خاوەن کارو پرۆژەی خۆی ، واتە کارکردنی ژن بە گشتی و بون بە خاوەن کار رزگاربونیەتی لە رۆڵە تەقلیدیەکانی لە چوارچێوەی ماڵ و دەربازبونی لە کۆت و بەندو سنوری ماڵ (شاملۆ، ٢٠١٩: ١٩٩)

٢. پاڵنەری کۆمەڵایەتی

وە لەگرنگترین پاڵنەرە کۆمەڵایەتیەکان بریتین لەمانەی خوارەوە:

ا .بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندەواری

(اودری شابمان سموك ) پێیوایە هەتا ژن زیاتر بچێتە بەر خوێندن و بڕوانامەی بەرز بەدەست بهێنێ ئەمە مەودای بیرو هۆشیاری فراوانتر دەکات و باشتر خودی خۆیان دەناسن و بە حەزو ئارەزوەکانیان ئاشنا دەبن و زیاتر حەز بە کارکردن دەکەن زۆر جار ئەو پسپۆڕیەی کەسەکە دەیخوێنێ یارمەتی دەدات تا کارێکی تایبەت بەخۆی هەڵبژێرێ ئەو کات بەو زانیاریانەی وەریگرتووە دەتوانێ سودی باش بە کارەکەی بگەیەنێ و زیاتر گەشەی پێ بکات و بەرەو پێشی بەرێ ، وە لەم سەردەمەی ئێستا سەردەمی پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆجیاو هۆکارەکانی ڕاگەیاندنە ئێستا ژنان باشتر ئەتوانن سود لەم تەکنەلۆجیایەو لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وەربگرن بۆ ئەوەی کار بدۆزنەوە کارێك بگونجێ لەگەڵ خۆیان و حەزی پێ بکات یان ڕەنگە بەکاری بهێنێ بۆ ناساندنی بەرهەمەکانی و زیادکردنی کڕیارەکانی و ڕیکلام کردن بۆ کاڵاکانی واتە ئەگەر ژنەکە لە ماڵیشەوە دابنیشێ و کارێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە بۆ نموونە کارێکی دەست ڕەنگینی دەتوانی هەر بە ئۆنلاین بازاڕ بۆ بەرهەمەکەی پەیدابکات و ساغی بکاتەوە. (SMOK, 1981 : 209) بەڵام بێگومان ئەمە پەیوەستە بە ئاستی ڕۆشنبیری کەسەکە و زیرەکی هەیە لەیەکێك لەو توێژینەوانە کە لە زانکۆی هارڤارد ئەنجام دراوە لەلایەن ( انكلس وسمث) ، پێیان وابوو پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان خوێندن و کارکردن بەو پێیەی ئەو کەسەی کاردەکات بەردەوام بیرۆکەو زانیاری تازەی پێیە و زیاتر بەشدارە لە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان و دەتوانێ پەیوەندی باش دروست بکات لەگەڵ چوار دەور بۆ ئەمەش بواری باشی کارکردنی بۆ دەڕەخسێت کەواتە ڕەنگە خوێندن پاڵنەرێکی بەهێزبێت بۆ هاندانی ژن تا بەشداری بکات لە بواری کارو چالاکی و بازرگانیدا (السویدی ، ٢٠١٩ : ٥١).

ب . پێگەی کۆمەڵایەتی

تیۆری ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بۆ هەر پێگەیەکی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی دیاری کراو لە کۆمەڵە ڕەفتارو هەڵسوکەوتێك پێك دێت کە چاوەڕێ دەکرێت لە تاك لەو پێگەیەدا ئەنجامی بدات واتە پێش ئەوەی کەسێك بچێتە پێگەیەك کۆمەڵگە پێش وەختە بۆی دەست نیشان کردووە ئەم ڕۆڵانە چین دەبێ بیبینی لەو پێگەیەدا و لەهەمان کاتدا ڕێگا پێدراو و قەدەغەکراوەکانیش بۆ دەست نیشانکراوە واتە دیارە چی بۆ هەیە بیکات و چی ناتوانێ ئەنجامی بدات ئەم پێگانە هەر لەسەر ئاستی گشتی کۆمەڵگە نیە بگرە لە نێو خێزانیش ڕۆڵەکان دابەش کراون وەك (امیل دورکایم) دیاری کردووە بە (پێگەی تعبیری) کە ڕۆڵی پیاوانە بریتیە لە دابین کردنی بژێوی ژیان و ئامادەکردنی تاك بۆ دەرەوە ی ماڵ و کۆمەڵگە و (ڕۆڵی تدعیمی) ڕۆڵێکی ژنانەیە دایك دەبێ ئەنجامی بدات بریتیە لە پەروەردەکردنی منداڵ و پێدانی سۆز و خۆشەویستی و دەستەبەرکردنی ئارامی و ئاسایشی دەروونی بۆ خێزان لەسەر ئەم بنەمایە بۆ ماوەیەکی دورو درێژی مرۆڤایەتی ژن لە نێو خۆی ماڵدا بەندکراو لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەرەوەی ماڵ و لە زۆرێك لە مافە ڕەواکانی بێ بەری دەکرا هەتا گۆڕانکاری بەسەر ژیاندا هات و وای لێهات خێزانەکان بە ناچاری کچەکانیان ناردە دەرەوەو پیاوەکان ژنەکانیان ناردە دەرەوە تا شان بە شانی یەکتر کاربکەن چونکە ژیان قورس بوو پێداویستی زۆر بوو بە تەنها داهاتی پیاو بەرگەی ئەوەی نەدەگرت (هدییه ، ٢٠٠٧ : ٥٦-٥٨) ، لێرەوە سەرەتا چونە دەرەوەی ژن پەیوەست بوو بە سروشتی ژیانی ئەو سەردەمە بەڵام هاتنە دەرەوەی ژن لە ماڵ و کارکردن و پەیداکردنی داهات وای لێکرد هەست بە بونی خۆی بکات ئەویش وەك پیاو بوو بە دابینکەری بژێوی ژیان لێرەوە گوێی لێگیرا ڕێگای پێدرا بڕیار بدات لەسەر ژیان و داهاتوی خێزان و خوێندنەوەی بۆ کراو بینرا و هەستی پێکرا ، ئەم پێگە کۆمەڵایەتیە لە نێو خێزان و دەرەوەی خێزان بەدەستی هێنا بووە هاندەرێك بۆ ئەوەی هەوڵ بدات لەمەودوا تەنها کارێك نەکات لەبەرامبەر داهاتێك و لە ژێر فەرمانی خاوەن کارێك کە زۆر جار بەناهەق بەکاردەهێنرا وای لێهات هەوڵ بدات خۆی ببێتە خاوەن کارو بڕیاردەری ئەو کارە و کاتێکیش ئەمەی بەدەست هێنا ئەوا پێگەی بەرزتر بووەوە لە کۆمەڵگە (سلامه والغفار ، ١٩٨٠ : ٨١).

4 . پاڵنەری ئابووری

(سالی وندکاس اولدز) پێیوایە زۆرێك لەو ژنانەی کاریان دەکرد لە دەوڵەتە ئەوروپیەکان بە تایبەت لە هەفتاکانی سەدەی پێشوو جەختیان کردبوو لەسەر ئەوەی بەردەوام بن لەسەر کارکردن و هیچ شتێك ڕێگریان لێناکات چونکە بەدەستهێنانی داهات و سەربەخۆبونیان لە چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو داهاتە لە خزمەت خۆیان و ئارەزوەکانیانەو ڕزگاربونیان لە ژینگەی بەرتەسکی ماڵ و هەست کردنیانە بە دڵنیایی و متمانە بەخۆبون بەسە تا ببنە پاڵنەر بۆ کارکردن و بەردەوامیدان بە کارەکانیان سەرەڕای قورسی و گرانیەکەی ، لەلایەکی تر گۆڕینی ژیان بەرەو ئاڕاستەی مادی یەوە بەوەی ڕێزو نرخ وەهای لە مرۆڤ کردووە پەیوەست بێت بە بڕی ئەو داهاتەی بەدەستی دەهێنێ بەهۆی زۆربون و جۆراوجۆربونی پێویستیەکان نەك تەنها سەرەکیەکان بگرە لاوەکیەکان و ئاڕاستەبونی ژیان بەرەو ڕووکەش ،واتە بڕیاردان لەسەر کەسەکان لەسەر بنەمای ڕواڵەت وای کرد ژنان زیاتر هەوڵ بدەن کاری سەربەخۆی خۆیان هەبێ چونکە ئەمە ڕێزی زیاتریان بۆ زامن دەکات جگە لەوەی کاری ئازاد وادەکات ئازادانە ئەو داهاتەی بەدەستی دێنی بە کاری بهێنێ بێ ئەوەی چاوەڕێی دەستی کەس بێت بە تایبەت پیا، بەمەش زیاتر متمانەیان بە خۆیان دەبێ و بۆیە لەگەڵ هەموو ئاڵنگاریەکان سوورن لەسەر مانەوەیان لە بازاڕی کارو بازرگانی (غلیون ، ٢٠٠٥ : ٢١-٢٢)

باسی دووەم: ئاستەنگە کۆمەلایەتیەکانی ژنانی خاوەن کار

١.ئاستەنگی کۆمەڵایەتی

(مارگرێت مید) دوای ئەوەی چەند لێکۆڵینەوەیەکی کرد لەسەر خێڵەکانی (غینیا) بۆی دەرکەوت پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان پەروەردەکردنی کۆمەڵایەتی و ڕەفتارو هەڵسوکەوتی تاك و تەنانەت ئەو ڕۆڵانەی دەیبینن ، (مید) پێیوایە تەنانەت ڕۆڵی پیاو بون و ژن بون دروستکراوێکی کۆمەڵایەتیە مرۆڤ لە ڕێگەی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیەوە فێری دەبێ جگە لەوەی هەر لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە سیفات و خەسڵەتەکانی پیاو بون و ژن

بون فێر دەبن و لەسەری ڕادەهێنرێن و دەکرێت بە بەردی بناغەی کەسێتیان زۆرجار هۆکارە بۆی ژن نەتوانێ ببێتە خاوەن کاری سەربەخۆی خۆی ، نموونە کاتێك ژن فێردەکرێ پاشکۆو ملکەچ و زەعیفە بێ و شەرمن و توانای بڕیاردانی نەبێت بێ گومان ئەوە لە ناخیدا دروست ناکرێ کە وەك کەسێك ڕۆژێك لە ڕۆژان بتوانێ کارێك بەڕێوەبەرێت و ئیدارەی بدات (دعبس ، ١٩٩٧ : ٤٨-٥٠). لەلێکۆڵینەوەیەکی هاوشێوە (سۆزان مەکیر ) لە ئەمەریکا ئەنجامی داوە پێوایە سەرەڕای ئەو ئازادیەی ژن بەدەستی هێناوە کە چی هێشتا ژن خۆیان لە چوارچێوەی ماڵ و کارەکانی وەك ( منداڵ بەخێوکردن – ماڵ پاکردنەوەو چێشت لێنان ) دەبینن ، (مەکیر) پێیوایە ئەمە پەیوەندی بەو تێڕوانینە هەیە لە منداڵیەوە لە زەینیدا دروست دەکرێ بەرامبەر خۆی و هاوڕەگەزەکانی ئەو خۆی وا دەبینێ شوێن و جێگای کاری تەنها لە نێو ماڵدایە و نابێت لەو چوارچێوەیە بترازێ ، ئەمەش دەبێتە یەکێك لەو ئاستەنگانەی ژن بۆی نەتوانێ ببێت بە خاوەن کاری سەربەخۆ چونکە بە درێژایی ژیانی خۆی دەبینێ لەو چوارچێوەیەی کۆمەڵگە بۆی دەستنیشانکردووە (هدییە ، ٢٠٠٧ : ٧٥-٧٦) .

٢. ئاستەنگی کلتووری

(ادوارد تایلر) لە پەرتوکی (الثقافه البدائیه ) کلتوری سەرەتایی پێناسەی کلتور دەکات بەوەی گشتێکی تیکهەڵکێشراو ئاڵۆزە کۆمەڵێك بابەت لە خۆ دەگرێت لەوانە (بیروباوەڕ –زانیاری –هونەر-ڕەوشت – داب و نەریت ... هتد) . کەواتە بەپێی پێناسەکەی تایلەر کلتور گشتگیرەو هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە مرۆڤ لە نێویدا دەژی و ڕۆڵی باڵا دەگێڕێ لە دروست کردنی کەسێتی مرۆڤ ، چونکە کەسێتی مرۆڤە لەباوەشی ئەم کلتورەدا دەنەخشێنرێت بۆیە زۆر بەئاسانی کەسەکانی کلتورێك دەتوانرێ لە کلتورێکی تر جیابکرێنەوە بەشێوازی ڕەفتارو هەڵسوکەوت و قسەکردن و بیرکردنەوە و تێڕوانینیان ، بەڵام ئەوەی جێگەی باسە ئەم کلتورە وێنەیەکی دیاریکراو دادەڕێژێت بۆ ڕەگەزی نێرو مێ کە تەواوی سیفات و کارو چالاکی و شوێن و پێگەو نرخ و بەها و دەسەڵاتیان لە کۆمەڵگە بۆ دیاری دەکات و هەرلادانێك لەم وێنەیەدا ڕوبدات ئەوا کۆمەڵگە لەبەرامبەردا سزای بۆ دادەنێت جا بە فەرمی بێت لە ڕێگەی یاسا یان نافەرمی لە ڕێگەی خونەریتی بەکۆمەڵ و ئەو کەسە بەلادەر لەقەڵەم دەدرێت یان وەك کەسێکی شاز دائەنرێت ئەمەش پێی دەوترێت کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، کە ئامرازێکە کلتور لە پێناو پارێزگاریکردن لە مانەوەی تاکەکانی پێ ناچاردەکات تا بگەڕێنەوە ژێر ڕکێفی خۆی مەبەست لێی (کلتورە ) (الساعاتی ، ١٩٨٣ : ٩٩) کەواتە وێنەی باو بۆ ژن نێو ماڵ و ڕۆڵە تەقلیدیەکانی دەست بردن بۆ کاری بازرگانی وەك دەرچون لە کلتور لە قەڵەم دەدرێت و لە ڕێگەی قسەو قسەڵۆك و ناوناتۆرە و بێزارکردنی بەکۆمەڵ ژنان ناچار دەکرێت بگەڕێنەوە بۆ نێو ماڵ و ئەوەش ئاشکرایە کلتورەکە نێر سالاریە و پیاوان هەوڵ دەدەن دەست بگرن بەسەر هەموو ئەو بوارانەش دەبنە پارێزەری ئەو کلتورەی لەبەرژەوەندی خۆیان داڕێژراوە (مجید ، ٢٠٠٧ :١٧)

٣. ئاستەنگی کارگێڕی کردنی کار

لە گرنگترین ئەو ئاستەنگانەی کە ژنانی خاوەن کار ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لە بەڕێوەبردنی کارەکانیان بریتین لەمانەی خوارەوە:-

ا. نەبونی توانایی لە ڕێکخستن

سەرکەوتنی هەموو پرۆژەیەك لەسەر دانایی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دەوەستێت بەو مانایەی کەسی چالاك و پسپۆڕ بە گوێرەی کارەکە هاوکار دەبێ بۆ زیادکردنی ئاستی بەرهەم هێنان و زیادکردنی قازانج لەو کارە کە ئەمانە بە پێوەری سەرەکی دادەنرێن بۆ دەست نیشانکردنی ئەوەی ئایا ئەو کارە سەرکەوتوە یان نا بێگومان ئەمەش بەندە لەسەر توانای بەڕێوەبەری کارەکە تا چەند دەتوانێ بەباشی ئیدارەی سەرچاوە مرۆییەکان بکات و ئیدارەی هەنگاوەکان و پلان و بەرنامەکان و ستراتیژەکان بکات هەر لە سەرەتای دەستنیشانکردنی ئامانج هەتا کۆتایی گەیشتن بە ئامانج ، ئەمە جگە لە ئیدارەدانی داهاتی مادی پرۆژە یان کارەکە ڕاستە ئەمە بەشێکی پەیوەستە بە ئاستی زیرەکی و تواناو لێهاتویەکانی کەسەکە بەلام بەشێکی دیکەی لەسەر ئەزمونی کەسەکە دەوەستێت چونکە زۆرجار مرۆڤ ئەوەی لە ئەزمونی کارەوە فێری دەبێت لە هیچ سەرچاوەیەکی تری زانیاری فێر نابێت و لەبەرئەوەی ژنان بۆ ماوەیەکی زۆر لەم کارانە دابڕێنراون بۆیە ئەزمونیان کەمە لەم ڕووەوە ئەمەش وادەکات زۆرجار گرفتی ئیدارەدانیان بۆ دروست ببێت بە تایبەت لەسەرەتای کارەکە بۆیە زۆرجار ناچاردەبێت پشت بە مێرد – باوك –برا دەبەستن تا هاوکاریان بێت ( کازوز،٢٠١٦ : ١٢٩ ) .

ب . نەبونی پاڵپشتی دارایی

(دبابنەو کنجو) پێیان وایە سەرکەوتنی هەر پرۆژەیەك پەیوەستە بە ڕێژەی ئەو سەرچاوە داراییەی دەخرێتە خزمەت خستنە گەڕی ئەو کارە یان پرۆژەیە کەواتە سەرچاوەی سەرەکی دەست پێکردنی هەر کارێك بەندە بە بڕی ئەو داهاتەی بۆی تەرخان دەکرێت ، بە مانایەکی دیکە پارەو داهاتی پێویست نەبێ بۆ کارەکە هەر زوو شکست دێنێت و لەناو دەچێ پێش دروستبونی ئەمەش بەیەکێك لە ئاستەنگە سەرەکیەکانی بەردەم ژنان دادەنرێت بەوەی زۆرێك لە ژنان بەحوکمی بەندکردنیان ڕەنگە بە درێژایی ژیانیان لە چوارچێوەی ماڵ وای کردووە زۆرێکیان نەیانتوانیوە بخوێنن و بڕوانامە بەدەست بهێنن و کاربکەن و تەنانەت نەیانتوانیوە بڕە پارەیەکی کەم کۆبکەنەوە کە دواتر بتوانن پرۆژەیەکی پێ دابمەزرێنن ، تەنانەت ئەگەر کاریان کردبێت بە داهاتێکی مانگانەی کەم بووە بەهۆیەوە بناغەیەکی دارایی باشیان بۆ خۆیان مسۆگەر نەکردووە بتوانێ کارەکەی لەسەر بنیاد بنێت بۆیە هەر لەسەرەتاوە کێشەی پاڵپشتی داراییان هەیە ئەمە جگە لەوەی حکومەت زۆرجار هاوکار نیە لەم ڕووەوە (الولیدات ، ٢٠١٩ ، ٤٢) . (کاترین بود ) کە خاوەنی پشکێکە لە کۆمپانیای (ناومانی) پێیوایە ژنان زیاتر لە پیاوان ڕووبەڕوی کێشەی دارایی دەبنەوە لە کاتی ئیدارەدانی کارێك یان پرۆژەیەك بەو پێیەی کە هاوکاری جێندەری نیە لە نێو خودی کۆمەڵگە تەنانەت بواری کەرتی تایبەتیشی تەنیوە ، (بود) پێیوایە تەنانەت بانکەکانیش لە ڕووی پاڵپشتیکردنی دارایی بۆ پرۆژەکان جیاکاری دەکەن لە نێوان نێرو مێ بەو مانایەی هاوکاری زیاتری پیاوان دەکەن وەك لە ژنان ڕەنگە ئەمەش بەشێکی هۆکارەکەی بگەڕێتەوە بۆ حوکمی پێش وەختە بۆ ژن و پیاو بەوەی هەمیشە واسەیری پیاو دەکرێت بەتوانایە و کاری لەدەرەوەی ماڵەو ئەم ئیشانە وەك بازرگانی و کەرتی تایبەت کاری خۆیەتی و سەرکەوتووە تیایدا بۆیە ئەگەر پرۆژەکە پیاوێك ئیشی تیا بکات سەرکەوتوو دەبێ و حکومەت پاڵپشتی دەکات ، بەڵام تێڕوانینەکان بۆ ژن بەپێچەوانەیە و نەرێنیە بۆیە هەر لەسەرەتاوە حکومەت و بانکەکە باوەڕی بەوە نیە ئەو ژنە لەو کارە سەرکەوتو بێت و دواجار ئەمە کاریگەری دەبێ لەسەر ئەوەی

پاڵپشتی دارایی نەکرێن . (دیڤد مالباس) سەرۆکی بانکی نێودەوڵەتی ئاماژەی بەوەکرد پاڵپشتی کردنی دارایی ژنان بۆی بتوانن ببنە خاوەن کارو پرۆژەی تایبەت بە خۆیان ڕێگایەکی باشە بۆ کۆتایی هێنان بە هەژاری لای ژنان چونکە دەبێتە سەرچاوەیەکی باشی داهات بۆ خۆیان و خێزانەکانیان و لە ڕێگەیەوە بتوانن خۆشگوزەرانی دەستەبەربکات. (Doflu ,2012 : 50-51).

سێیەم: شوێنەوارەکانی کارکردنی ژنان باسی

لەم توێژینەوەیەدا بە پێویستمان زانی ئاماژە بە هەندێ خاڵی ئەرێنی و نەرێنی کارکردنی ژنان بدەین جا بۆ خودی خۆیان بێت یان بۆخێزان و کۆمەڵگە .

یەکەم : شوێنەوارە ئەرێنیەکانی کارکردنی ژنان

گرنگترین خاڵە ئەرێنیەکانی کارکردنی ژنان بریتین لەمانەی خوارەوە:-

١. خود سەلماندن

(کارل روجەرس) دەروناسێکی ئەمەریکی یە پێیوایە هەموو مرۆڤێك کە لە دایك دەبێت کۆمەڵێك سیفاتی خۆرسکی ئەرێنی لە بونیدا هەیە کە پێك هاتووە لە جوڵەی جەستەو پرۆسە عەقڵیەکان ئەگەر بخرێتە کار دەتوانرێت ببێتە ڕێگەیەکی باش بۆ سەلماندنی خودی خۆی (مهنا ، ١٩٨٤ : ٢٤٥) . مەبەست لێی گەیشتنی مرۆڤە بە ئاستێك تیایدا خودی خۆی بناسێ و توانا دیارو شاراوەکانی بزانێ و زوو خولیاو خەونەکانی ئاشنا بێت بەڵام لەوە گرنگتر ئەوەیە کە بزانێ چۆن کاربکات لەسەر بەتواناکردنی خۆی تاوەکو بتوانێ وەك (ڤیکتۆر فرانکڵ ) دەڵێت خودی خۆی تێپەڕێنی واتە لە بازنەی تەسکی خۆی بڕواتە سنورێکی فراوان و ئەم خود سەلماندنە بە ڕای (فرانکڵ) ئامانجی کۆتایی هەموو تاکێکە و تیایدا مرۆڤ ئازادانە گوزارشت لە خۆی دەکات و دەبێتە ئەو کەسەی خۆی دەیەوێت بێگومان (قەرەداغی ، ٢٠٠٢ : ١٥٥).

٢. باشترکردن و دابین کردنی بژێوی ژیانی خێزان

(تماضر زهری حسون ) یەکێکە لەو توێژەرانەی کە توێژینەوەیەکی ئەنجامداوە لەسەر کاریگەری کارکردنی ژن لە یەکگرتنی خێزان گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی ئارەزوی زیادکردنی داهاتی خێزان و باشترکردنی بژێویان هۆکارێکی سەرەکی یە بۆ چونە بەر کاری ژنان بە تایبەت لەم سەردەمەی ئێستا کە گۆڕانکاری زۆر خێراو یەکجار گەورە بەسەر کۆمەڵگەدا هاتووەو پێداویستیەکان زۆرو جۆراو جۆربون کە تەنها پیاو ناتوانێ ئەرکی بەخێوکەری خێزان بگرێتە ئەستۆ و ئەو داهاتەی بەدەستی دێنێ بەشی ئەوە ناکات ژیانێکی شایستە بۆ خۆی و خێزانی مسۆگەر بکات بۆیە ژن لەبازاڕی کاردا یەکێکە لە پێویستیەکانی سەردەم (حسون ، ١٩٩٦ : ٩٥) . لەلایەکی دیکە (بلوردو هاملین ) پێیان وایە کارکردنی ژنان لەدەرەوە و بون بە خاوەن داهات جۆرێك لە دەسەڵاتی پێداون تا بتوانن ببنە خاوەن بڕیار لە خێزان و گوێیان بۆ بگرێت ئەمەش پێگەیەکی باڵای پێداون نەك تەنها لە خێزان بەڵکو لە کۆمەڵگەش (فرحات ، ٢٠١٢ :١٢٧).

دووەم : شوێنەوارە نەرێنیەکان

گرنگترین خاڵە نەرێنیەکانی کارکردنی ژنان لەمانەی خوارەوەدا خۆی دەبینێتەوە:-

١. کاریگەری کارکردنی ژن بۆ ئارەزووی منداڵخستنەوە:

لە گرنگترین شوێنەوارە نەرێنیەکانی کارکردنی ژن کەم کردنەوەی ئارەزوی وەچەخستنەوە یان ئارەزوی خستنەوەی ژمارەیەکی کەمی منداڵ کە بێ گومان شوێنەواری دەبێ لەسەر تاك و پەیوەندیە خێزانیەکان بەمەش هەتا مەیلی ژنان بۆ کار زیاتر بێت ئەوا ئارەزوی هاوسەرگیری و منداڵ خستنەوە بەرەوکەمبونەوە دەڕوات (رزاق زاخرون، ٢٠١٣ : ٦١). یەکێك لەو توێژینەوانەی کە هەریەکە لە (دکاری و کوربی) لەسەر بارودۆخی خێزان لە کەنەدا ئەنجامیانداوە کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەسەر بابەتی خستنەوەی منداڵ بەو پێیەی زۆرێك لەو خێزانانە ناچار دەکرێن دەبێت هەڵبژاردەیەکیان هەبێت لە نێوان ئەوەی ببنە خاوەنی یەك منداڵ یان بوونی کاری فەرمی تایبەت بە خۆیان لەبەر ئەم هۆکارەیە زۆرێك لە ژنان ناچارن لە پێناو پارێزگاری کردن لە کارەکەیان و مانەوەی لە کاردا قوربانی بە منداڵ خستنەوە بدەن ( دکاری و کوربی ، ١٩٨٧ : ٦٢ ) . ، بەڵام ئەمەش بێگومان کاریگەری نەرێنی بەجێ دەهێڵێ لەسەر کەسایەتی منداڵ بەو پێ یەی چالاکی کەم دەبێ بەهۆی ئەوەی کاتە بەتاڵەکانی بە یاری کردن لەگەڵ خوشك و براکانی بەسەر نابات زیاتر کەسیەتیەکی شەرانگێزو لادەر و خۆپەرست دەردەچێ و شوێنەوارێکی خراپ لەسەر گەشەی جەستەیی و عەقڵی و دەرونی و کۆمەڵایەتی بەجێ دەهێڵێ ، هەروەها توانای خۆگونجاندنی نابێ لەگەڵ کۆمەڵگاو کەسانی دیکە . (بیك ملك كثين ، بەبێ ساڵی چاپ : ٣٢ )

٢]. گێچەڵی سێکسی لە شوێنی کارکردن

یەکێك لە شوێنەوارە نەرێنیەکانی کارکردنی ژن لەدەرەوەی ماڵ بریتی یە لە گێچەڵی سێکسی کە دادەنرێت بە فاکتەرێکی نەشیاو لەسەر بنەمای نابەرامبەری و نایەکسانی دامەزراوە ، واتە هەر هەڵسوکەوتێك کە کسێك بەرامبەر کەسێکی دیکە ئەنجام دەدرێ کە ئەو کەسە ڕەزامەند نیە لەسەری جا ئەو هەڵسوکەوتە زارەکی بێت یان فیزیکی . جگە لە ژنان دەکرێت منداڵان بە نێرو مێ وە تەنانەت پیاوانیش ڕووبەڕووی گێچەڵی سێکسی ببنەوە ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئافرەتان زۆرترین قوربانی ئەم ڕەفتارە قێزەونە لە شوێنی کارەکانیان کە شوێنەواری گەورە لەسەر ژن بەجێدەهێڵێت و زۆرجار دەبێتە هۆی ڕاگرتنی ژن لە بازاڕی کارو چالاکی ژیانی ڕۆژانە چونکە زۆر جار ئەم گێچەڵە دەبێتە هۆی ڕاکردنی ژن لەو بوارەی کاری تیا دەکات و وازهێنان لێی (بیترجیك ، ٢٠١٧ : ٢٣٠) . یەکێك لەو ئامارانەی کە لە ئەمەریکا ئەنجامدراوە ئاماژەیان داوە کە ٥٠% ی ژنان و ١٥% ی پیاوان ڕووبەڕووی گێچەڵ دەبنەوە لە شوێنی کارەکانیان ئیتر بە شێوەی زارەکی بێت یان جەستەیی وە تەنها لە ٥% ی ئەو ژنانە شکاتیان پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە بۆ ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕویان بۆتەوە لە شوێنی کارەکانیان ئەمەش تەنها لە ترسی لەدەست دانی کارەکەیان واتە گێچەڵکردن لە دەزگا تایبەتەکان زیاتر دەبینرێت ، لەلایەکی دیکە ئەو ژنانەی قوربانی گێچەڵ پێکردنی سێکسین کەمترین کات باسی دەکەن لەبەر هۆکاری شەرم و ترس لە کۆمەڵگەو کەس و کار زۆرێك لە ژنان و کچان ئەم ڕەفتارە نەشیاوە کە بەرامبەریان دەکرێت بە نهێنی لای خۆیان دەیهێڵنەوە بەتایبەتی لە وڵاتە ڕۆژهەڵاتی و خێڵەکی و کلتوریەکان بە هۆکاری ئابرووچون قوربانیەکە بێ دەنگی هەڵدەبژێرێن بۆیە زۆر جار بکەری کارەکە کەمتر سزای یاسایی بەسەردا دەسەپێنرێت و بگرە بەبێ سزاش دەربازی دەبێت زۆرێك پێیان وایە گێچەڵی سێکسی دادەنرێت بە فاکتەرێك بۆ ئەوەی کە ژنان شوێنی کارەکانیان بگۆڕن و یان واز لە کارەکانیان بهێنن کە پێیان وایە چارەسەرە بۆ ئەم جۆرە کێشانە (منظمه العمل العالمیه ، ٢٠١٧).

لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

**بەشی سێیەم/ چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەو ڕێو شوێنە مەیدانیەکان**

**باسی یەکەم / چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە**

یەکەم : جۆری توێژینەوەکە : ئەم توێژینەوەیە ، توێژینەوەیەکی وەسفی شیکاریە کە هەوڵدەدات بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕوداوو دیاردە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕێگای کۆکردنەوەی زانیاریەکان و پاشان شیکردنەوەیان بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجامەکان .

دووەم : میتۆدی توێژینەوە: لەگرنگترین ئەم میتۆدانەی توێژەر لەم توێژینەوەیە بەکارهێناوە :

1.میتۆدی روپێوی کۆمەڵایەتی: کە ئامانج لێی گەیشتن بە زانیاری وردو دروست لە واقعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و ئەو بابەت و یەکەیەی کە دراسەی دەکات سروشتی ئەم توێژینەوەیە وای خواست کە ڕێگای (ڕووپێوی نمونەی ) بەکار بهێنێ کە تیایدا توێژینەوەکە لەسەر ژمارەیەکی دیاری کراوی ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوەکە ئەنجام دەدرێت کە وەك نمونە وەردەگیرێن ، بەو مەرجەی کە نمونەی وەرگیراو هەڵگری هەمان سیفات و خەسڵەتی کۆمەڵگای توێژینەوەکە بێت

-2میتۆدی لێکۆڵینەوەی باری کەسێتی : - بەهۆی ئەوەی کە ئەم توێژینەوەیە باس لە (ئاستەنگە کۆمڵایەتیەکانی ژنانی خاوەنکار) دەکات کەبابەتێکی دیارەو و پەیوەندی بەوردترین و قوڵترین زانیاریەکانی ژیانی ئەو ژنانەوە هەیە کاری خۆیان هەیە و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر پالنەرو و شوێنەوارەکانی لەسەر خودی ژنەکە پێویستی کرد لەسەر توێژەر تالەنزیکەوە ئاشنا بێت بەم کەسانەو و زانیاری تەواوەتیان لەسەر کۆبکاتەوە.

سێیەم : دیاری کردنی کۆمەڵگا و نمونەی توێژینەوەکە

١. کۆمەڵگای توێژینەوە : هەموو ئەو ئەندامانەن کە توێژینەوەکە دەیان گرێتەوە کە ڕەنگە (تاکەکەس بێت یان خێزان یان دامەزراوە ...هتد) ، دیاری دەبێت بە پێی بابەتی توێژینەوەکە و ئامانجەکەی ،دەکرێت بڵێین . کە کۆمەڵگای توێژینەوەی ئێمە هەموو ژنانی خاوەن کاری سەربەخۆی خۆیانن لە پارێزگای سلێمانی

٢. نمونەی توێژینەوەکە: بریتیە لە نمونەیەك لە کۆمەڵگای توێژینەوە وەردەگیرێت وە توێژەر کۆی کارە مەیدانیەکانی لەسەر ئەنجام دەدات ، لێرەدا توێژەر نمونەیەکی (١٥) یەکەیی وەرگرت لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی مەبەستدار لەبەر ئەوەی جۆری توێژینەوەکە لێکۆڵینەوەی بارە .

چوارەم : بوارەکانی توێژینەوەکە

١.بواری شوێنی : بریتیە لەو ناوچە جوگرافیەی کە توێژینەوەکەی تیادا ئەنجامدراوە ، بواری شوێنی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ناوەندی شاری سلێمانی.

٢. بواری کاتی : ئەو ماوەیەیە کە توێژینەوەکەی تیادا ئەنجامدەدرێت ، سروشتی ئەم توێژینەوەیە پێویستی بەماوەی (٣) مانگ هەبوو کە کارە مەیدانیەکەی تیادا جێبە جێبکرێت ، واتە لەبەرواری (٢٠٢١/٨/١- ١/١١/ ٢٠٢١) ی خایاندووە..

٣. بواری مرۆیی : هەموو ئەو ژنانە دەگرێتەوە کە خاوەن کاری سەربەخۆی خۆیانن

پێنجەم : ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

لە گرنگترین ئامرازە بەکارهاتووەکانی ئەم توێژینەوەیە چاوپێکەوتنە کە یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژەر زۆر سودی لێ بینیوە لەکاتی دراسەکردنی حاڵەتی هەریەك لە ئەندامانی یەکەی توێژینەوەکە چونکە ئەم توێژینەوەیە پشتی بە میتۆدی لێکۆڵینەوەی بار بەستوە بە یەکێك لە ئامرازە گرنگەکان دادەنرێت  بۆ وەرگرتنی ڕاستی و دروستی  زانیاریەکان .

**باسی دووەم / خستنە ڕووی کەیسەکان**

**کەیسی ژمارە (١)**

من (س م م) تەمەنم ( ٢٧ ) ساڵە و ڕەبەنم  کۆلێژی ئەندازیاری تەلارسازیم تەواو کردووە لە ئێستادا کاری دیزاین کردنی ناوماڵ و ڕێکخستن دەکەم ، ماوەی ساڵێکە ئەم کارە دەکەم و بەتەنها کاری خۆمە

من لە خێزانیکی پارەدار گەورەبوم و ئەگەر چی ئەوان هەموو توانایەکیان هەبوو لە ڕووی دارایی هاوکارم بن لە کارەکەمدا بەلام من ڕێگەم بەوە نەداوە خۆم کاری خۆمم دروست کرد وە تەنانەت کرێی پێداویستی و کەل و پەل و هەموو شتێکم لەسەر شانە واتە حەزم کرد لەسەر پێیەکانی خۆم بوەستم و ئەم کارە دابمەزرێنم و توانیم ئەنجامی بدەم و سەرکەوتو بووم، ئەمە جگە لە کەسایەتی خۆم کە کەسێکی بوێرم وە حەزم لەسەر کێشیە و ناترسم لە ڕسك  ئەمە دەگەڕێنمەوە بۆ شێوازی ئەو پەروەردەیەی لە منداڵیەوە لە باوانم وەرمگرتووە ئەوان فێریان کردم متمانەم بە خۆم بیت فێریان کردم پشت بە خۆم ببەستم ئەوان ڕێگەیان پێدام بچمە دەرەوە و بخوێنم و بتوانم سود لە ئەزمونی وڵاتە پێشکەوتوەکان وەربگرم وە بیگوێزمەوە بۆ ناو کۆمەڵگەکەم .هەر خێزانەکەم هاوکارم بون لەوەی کەسیەتیەکی بەهێزم هەبێ و بتوانم کارەکانم سەرکەوتوانە ئەنجام بدەم و متمانەی کۆمەڵگەش بۆ بەرهەمەکانم بەدەست بهێنم . جگە لەوەی بۆ کارەکەم توانیومە سوود لە سۆشیال میدیا وەربگرم وەك ئاشکرایە سۆشیال میدیا چەکێکی دوو جەمسەرەو بەکارهێنانی وابەستەیە بە خودی مرۆڤ خۆی  بەکاری بهێنی سودی لێوەردەگری یان خراپ بەکاری دەهێنێ و زیان بە خۆی و بە کۆمەڵگەش دەگەیەنێ دەکەوێتە سەر ئەوەی ئایا کەسەکە بەباشی بە کاریدەهێنێت  هەمیشە توانیومە بۆ ریکلامی بازرگانی بۆ کارەکەم و خۆم سودی هەبووە  . من بەسروشتی خۆم بەبەشی کەم رازی نیم حەز دەکەم ببمە خاوەن داهاتێکی زۆر تا بتوانم ژیانێکی خۆش بژیم حەز بەسەرکەوتنی بەرەو لوتکە دەکەم ، چونکە حەزم بەوەیە پشت بە خۆم ببەستم و تەنانەت نامەوێت داوای یارمەتی لە خێزانەکەشم بکەم بەڵکو لە کاردا تەکنیکی قسە کردن و پۆشینی جل و بەرگ زۆر گرنگە بۆ ئەوەی کێشەت بۆ دروست نەکات چونکە هاتویتەتە ناو بازاڕەوە دەبێت بزانیت مامەڵە بکەیت لەگەڵ بەرامبەرەکەت کە زۆرینەی پیاوانن ئەگەر وریا نەبیت ئەوا ناتوانیت کۆنترۆڵی کارەکەت و ستاف و دەوروبەرەکەشت بکەیت چەواشەت دەکەن و بەلاواز و بێهێز تەماشات دەکەن چونکە تۆ ژنیت ڕووبەڕووی ڕەفتاری نەشیاو دەبیتەوە لەلایەن ڕەگەزی بەرامبەر بۆ خۆم هەستم پێکردووە چونکە کەسێکی زۆر هەستیارم و زوو هەست بە کرداری بەرامبەرەکەم دەکەم ئەگەر هەر زوو هەستم بەشتێکی نامۆ کردبێت خۆم لێ بە دوور گرتووە و نەچومەتە شوێنەکە هەرچەندە زەرری پێگەیاندوم و کارەکەم لەدەست داوە بەڵام من کەسێتی و ناوی خۆم و ناوبانگی کارەکەم زیاتر لا مەبەستە وەك لە پارە.

کەیسی ژمارە (٢)

من (س. ئ. ع) تەمەنم (٣٦) ساڵە و ڕەبەنم بڕوانامەی ماستەرم هەیە لە کارگێری کار ، لە ئیستادا یەکێکم لە دامەزرێنەرانی خوێندنگەیەکی ئەهلی لە شاری سلێمانی،هەروەها لەکاتی دروستبونی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆمپانیایەکی پاکژکەرەوە(تعقیم) م دانا بە هاوبەشی لەگەل باوکم ئەم کارانەم ئەنجام داوە.

پێم وایە تواناو لێهاتویی مرۆڤ کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر بونت بە خاوەن کار نەك بڕوانامەو خوێندن من زۆر کەس ئەناسم بروانامەی بەرزی هەیە بەڵام توانای ئیدارەدانی کارێکی نیە هەرچەندە خوێندن کار ئاسانیت بۆ دەکات .ئەتوانم بڵێم هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنم ئەزمونی کارم بوو من لە شتێکی زۆر سادە دەستم پێکرد بەڵام لە ئێستادا ئیدارەی کۆمپانیاو خوێندنگەیەك دەکەم بۆیە پێم وایە مەرج نیە تۆ بەچی دەست پێ ئەکەیت گرنگ ئەوەیە دەست پێ بکەین و دواتر بە ئەزمون کردن دەگەڕێتەوە ئەو کارەی خۆت حەزت پێیەتی و خۆتی تیا دەبینیتەوە. من لە خێزانێکی خێڵەکی گەورەبوم خێزانێکی نەریت سالاری کە هەموو شت بۆ ژن عەیبەبوو وە ژن ئەرکی تەنها ناوماڵ و خزمەتکردنی ئەوانی ترە زۆر قورس بوو بۆ خێزانەکەم بڕیار بدەن لەوەی کچەکەیان لەو قاڵبە بێتە دەرەوە کە مێشك و زەینیانی داگیر کردبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە جۆرێك پەروەردەکرابووم کە ئازاو چاونەترس بم و سڵ لە هیچ شتێك و هیچ کەسێك نەکەمەوە تەنها پشتم خێزانەکەم بێت و بۆیە ئەم شێوازەی پەروەردەیەی لەخێزان وەرمگرتبوو وایکرد تەنانەت بەرامبەریان بوەستم و ڕازی نەبم لە مەرجەکانیان بەڵام بە شێوازی دژایەتی کردن نا بەڵکو بەمیانڕەوانە هەوڵم دا بە هێمنی ڕازیان بکەم، راستە من خەلکی وادەزانن کچی پیاوێکی سەرمایەدارم و هەموو کارەکان بەئاسانی دێن بە دەستەوە بەڵام لە راستیدا هەرگیز وانیە و بە پێچەوانەوە زۆر بەربەستم بۆ دروست بووە بە زیرەکی و ئازایەتی خۆم ڕووبەڕووی وەستاوم و زاڵ بوم بەسەریدا بەڵام ماندوبونی زۆرم چەشتوە و ئەمەش وایکردوە پەشیمان نیم. لەلایەکی دیکە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا رۆلیکی گەورەی هەبوو چونکە سەرکەوتنی کار چەند پێویستی بە ماندوبونی جەستەیی هەیە ئەوەندی پێویستی بە ماندوبونی عەقڵی هەیە واتە پێویستە بەردەوام ئاگاداری زانیاری و زانستی تازە بیت لە بواری کارەکەتدا تا بتوانی سەرکەوتوبی لە جیهانی دەرەوە . کەواتە بە گشتی کۆمەڵگەکەمان گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە و کرانەوەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوەئەگەر سالانی رابردوو شەرم بوو کچ کاربکات یان بخوێنێت بەڵام لە دوای جیهانیبون و لەم سەردەمەی ئێستا زۆر ئاسایی بوو بۆ ژن کار بکات ،ئەگەر چی پیویستە بزانن چ کاریك دەکەن تا ببنە نمونەیەکی باڵای جوانی کۆمەڵگە بە چاوێکی بەرز تەماشامان بکەن.

**کەیسی ژمارە (٣)**

من (ك.ئ. ع ) تەمەنم (٢٧) ساڵەو رەبەنم خوێندکاری زاتکۆم لە ئێستادا کۆمپانیای مارکێتینم هەیە بۆ ماوەی سالێکە ئەم کارە دەکەم و هاوبەشم هەیە لە کارەکەم.

من کەسێتیم بەجۆرێکە زۆر گرنگی بە پەیوەنیە کۆمەڵایەتیەکان دەدەم و بەردەوام ڕوخۆشم لەگەڵ هاوڕێ و کەسانی چواردەورم ئەتوانم بلێم ئەم خاڵە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنم بوولە کارەکەم چونکە کاری مارکێتین پێویستی زۆری بە دروست کردنی پەیوەندی هەیە لەگەڵ کەسانی چوار دەور و هەروەها خێزانەکەشم زۆر هاوکارم بون بەردەوام هانیان دا وم بۆی سەربەخۆبم لە ڕووی ئابوری و پشت بەخۆم ببەستم و چاوم لەدەستی کەس نەبێ. جگە لەوەی من ناوی خۆمم خۆش دەوێت وە حەزێکی زۆرم بۆ کارەکەم هەیە ئەمە بۆ من زۆر گرنگ ترە لە خۆدەرخستن ئەمەش خاڵێکی تری سەرکەوتنم بووە چونکە خەڵکی متمانەیان پێ کردوم و ئارەزووی ئەوەیان کردووە کارم لەگەڵ بکەن . سەبارەت بە ڕێگریەکان ، راستە کۆمەڵگە بە ڕووی جیهاندا کراوەتەوەو پیشکەوتنی تەکنەلۆجیا و یان زۆربونی گەشتەکان وای کردووە گۆرانکاری بەدی بکرێت لە کۆمەڵگای کوردی ئێستا خەڵکی ئاشنان بە کلتوری وڵاتان ئەمە کاریگەری هەبووە لەسەر تیرَِوانینەکان بۆ ژنی خاوەن کاری سەربەخۆ ئێستا کۆمەڵگە ڕێگری بۆ دروست ناکات بگرە ئاسانکاریت بۆ دەکات نموونە ئەو کۆمپانیایانەی کاریان لەگەڵ دەکەم خاوەن کارەکانیان پیاون و ئەمە هیچ کێشەی بۆ دروست نەکردوم بە پێچەوانەوە ئەوان زۆر هانی ژنان دەدەن بێنە بواری کارو بازرگانی و بەگشتی زۆربەی ئەوانەی مامەڵەم لەگەڵ دەکەن خۆشحاڵن بە کارکردن لەگەڵم بەڵام ئیتر کارەکەمان لەگەل مرۆڤەو هەموو لەیەك ناچن وەك یەك بیرناکەنەوە و جیاوازن بۆیە کەمینەش هەیە منی پێ قبوڵ ناکرێت و ڕەنگە هۆکارەکەی ڕەگەز پەرستی بێ یان زیاتر. بەگشتی ئەو کارمەندانەی کارم بۆ دەکەن زیاتر لە ڕەگەزی مێن من وام پێخۆشە لەلایەك هاوکاریەك بۆ هاوڕەگەزەکانی خۆم تا زیاتر دەرفەت هەبێ بۆ کارکردن لە پێشیان و زیاتر هاوکاری یەکتر بکەین جگە لەوەی لەگەڵ هاوپیشە ژنەکانیشم پەیوەندیمان زۆر باشە و هاوکاری یەکترین بە گشتی گێچەڵ پێکردن بە مێینە لە کۆمەڵگەی ئێمە بونی هەیە هەر خۆم گێچەڵم پێکراوە بۆ کارێك چومەتە لای پیاوێك خێرا ژمارەکەی وەرگرتووە و دواتر پەیوەندی پێوە کردوم و هەندێك قسەی کردووە کە پێویست نەبوە بەلام من هەر زوو بە توندی وەڵامم داوەتەوە وەستاندومە لە شوێنی خۆی تا دوبارە نەبیتەوە.

کەیسی ژمارە (٤)

من (ت. م ) تەمەنم (٢٧) ساڵە و خێزاندارم و بڕوانامەی بکالوریوسم هەیە لە ئیستادا کاری ریکلام کردن و بەڕێوەبردنی تۆڕە کۆمەلایەتیەکان و چاپەمەنی دەکەم ،بۆ ماوەی (٤ ) ساڵە ئەم کارە دەکەم و بە تەنها کاردەکەم.

بە ڕای من خوێندن ڕۆڵی باڵا دەگێڕێ لە هاندانی تاك بۆ ئەوەی ببێتە خاوەن بزنسی خۆی چونکە من زانکۆی ئەمریکی بەشی بازرگانیم تەواوکردووە و خۆشبەختم کە ئەو بەشەم تەواو کردووە چونکە زۆر هاوکارم بوو لە بڕیاردانم بەوەی کاری سەربەخۆی خۆمم هەبێ و زیاتر هاوکارم بوو لەسەرکەوتنم لە کارەکەم لەبەرئەوەی ئەم زانکۆیە تەنها زانیاریت پی نادات بەڵکو دروستت دەکات لە رووی کەسێتی و بە تایبەت پێشتر چەند کارێکم کردووەو ئەزمونێکی زۆرم کۆکردۆتەوە زۆر زانیاری فێربوم وایلێکردم ئێستا زیاتر سووربم لەسەر ئەوەی دەربکەوم ، چونکە لە پێشدا لە هەر شوێنێك کارم دەکرد من و هاوپیشە کوڕەکەم ئەگەر چی لە هەموو ڕویەکی وەك توانا – بڕوانامە – لێهاتویی وەك یەك بوین بەڵام زیاتر گوێ بۆ ئەو دەگیراو زیاترگرنگی بە تواناکانی ئەو دەدرا و من وەك ژنێك فەرامۆش دەکرام ،ئا لێرەوە هەستم بە جیاکاریە جێندەرەکانی نێو کۆمەڵگەکەم کرد هەستم بەو زەلم و زۆرداریە کرد کە بەرامبەر بە ژن دەکرا کە ڕێگە نادەن توناکانیان دەربخەن و کاری لەسەر بکەن . بەڵام خالی سەرکی سەرکەوتنم

دەگەڕێنمەوە بۆ خێزان ، چونکە ئەگەر خێزان هاوکارت نەبێ و کێشەو گرفت بۆ دروست بکات ئەوا ئاسان نابێ تۆ کاربکەیت سەرقاڵبونی مێشك و زەینت بە کێشەو ئاژاوەکانی ناو ماڵ سەرئەنجام ناتوانی بەباشی ئیدارەی کارەکەت بکەیت ، کەواتە مرۆڤ ناتوانێ لە هەموو شتێکدا سەرکەوتو بێ و هەموو ئەو ئەرکانەی هەیەتی وەك پێویست جێ بە جێی بکات ڕەنگە قورس بێت تۆ بتوانی هاوسەرێکی زۆر باش و دایکێکی زۆر باش و کابانێکی ماڵی باش بێت پەیوەندیەکانت بە خزم و کەس و کارتەوە بەهێزبی و لەهەمان کاتدا خاوەنکارێکیش بیت ئەمە قورسە و ناشکرێت ، مرۆڤ دەتوانێ تەنها تواناکانی لەیەك بوار دیاری بکات تا بتوانی سەرکەوتو بیت ، بەلام لە کارەکەم مامەڵە لەگەل هەردوو رەگەزەکە دەکەم و بەباشی کارەکەم بۆ تێدەپەڕێنن و هیچ کێشەم نیە لەو ڕووەوە ئیشەکەم وا دەخوازێت لەگەڵ هەردوو رەگەز کاربکەم چونکە هەندێك ئیش هونەری هەیە بە کچ دەکرێت و هەندێك ئیشی تر بە کوڕ دەکرێت ، هاوپیشەکانم هەرگیز هاوکارم نەبون بگرە زۆر ئازاریان داوم کێبڕکێی نادروستم لەگەڵ دەکەن دەیانەوێت کارەکانم ببەن واتەبە هەموو جۆرێك دژایەتیم دەکەن من لام ئاساییە و ئەمە مانای سەرکەوتنی منە ، هەروەها پیاوە خاوەنکارەکانیش دژایەتیم دەکەن لەسەر ئیشەکەم.

**کەیسی ژمارە (٥)**

من (س. س .ص ) تەمەنم (٣٥) ساڵە و خێزندارم و خاوەنی (٢) مندالم و بروانامەی ماستەرم هەیە لە پیست و جوانکاری لە ئیستادا خاوەنی سەنتەری جوانکاریم بۆ ماوەی (٢) سالە ئەم کارەدەکەم بەتەنها کاری خۆمە.

مێژووی بونم بە ژنی خاوەن کار دەگەڕێنمەوە سەرەتا بۆ پشتیوانی و پەروەردەکردنی خێزانم کە بەردەوام پالپشتیان کردوم هەتا توانیم بچمە زاتکۆ و کولێژی پزیشکی تەواو بکەم واتە ئەگەر هاندان و هاوکاری ئەوان نەبوایە رەنگە نەمتوانیایە کۆلیجی پزیشکی تەواو بکەم دواتر خویندنەکەم کە زۆر حەزم پێی دەکردو هەر ئەو کاتەی خویندکار بووم بریارم دا ئەم پسپۆریە (لە پێست و جوانکاری ) هەلبژێرم و هەر ئەو کاتە خەونم دەبینی کلینکی گەورەی پێست و جوانکاری دابنێم ، ئەوەبوو خوێندنم تەواو کردو وردە وردە کارم لەسەر بیرۆکەو ئاواتەکەم کرد و پلان و بەرنامەم بۆ دارشت و بومە خاوەن کلینکی گەورەی تایبەت بەخۆم و ناوبانگی گەورەم بۆ خۆم دروست کرد لە رێگای جوانی و سەرکەوتویی کارەکانم، هەرلەبەر ئەمەشە توانیومە هاوسەنگی رابگرم لە نیوان ژیانی کارو ژیانی خێزانیم و هیچ کات یەکێك لەمانەم زاڵ نەکردووە بەسەر لایەنەکەی دیکە مافی تەواوم داوە بە کارەکەم و خۆمم پێوە ماندو کردوە بەڵام هەرگیز خێزانم بۆ پشتگوێ نەخستووە بەدەستی خۆم خواردنیان بۆ ئامادە دەکەم .یەکێکی تر لەو هۆکارنەی زۆر هاوکارم بوو بۆ بە ناوبانگ بون و دەرکەوتنم پیشکەوتنی تەکنەلۆجیاو سۆشیال میدیایە کە ئیستا زۆر ئاسانکاری بۆ من و کەسانی وەکو من دەکات تا بتوانین وەك ناوەندێکی بازار کردن و ریکلام کردن سودی باشی لێوەربگرن

سەبارەت بە ریگریەکان . تێڕوانینی کۆمەڵگە من دەیبەستمەوە بە جۆری ئەو کارەی ئەنجامی دەدەیت چونکە من دکتۆرم تا شەویش بمێنمەوە ئاساییە کۆمەلگە بە چاویکی پیرۆز تەماشای کاری پزیشکی دەکەن و شوین و پیگەی بەرزی هەیە لای خەلکی بۆیە لەو ڕووەوە کێشەم نیە ،بەلام سروشتی مرۆڤایەتی وایە هەتا کەسیك وردبێتەوە بە کارێك ئەوا زیاتر ئیرەیی پێ دەبرێت منیش هەستم بەوەکرد لە نێو هاوپیشەکانم لە بری کێبرکێ ئیرەیم پی دەبەن و بیگومان ئەمەش بیزارم دەکات چونکە بەرای من پێویست بەوە ناکات ئەگەر تۆش توانات هەیە ئەوە مەیدانەو کاربکە سەرکەوتو بە هەرکەسەو بە پێی تواناو لێهاتویی و ئازایەتی خۆی دەتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت . لە راستیدا من ئەم سەنتەرەم بەتەنها دانەناوە چونکە بیگومان کردنەوەی سەنتەریکی لەو شیوەیە ئاسان نیەو پارەی دەوێ منیش نەمئەتوانی بەتەنها ئەم کارە بکەم بۆیە بە هاوکاری هاوسەرەکەم و دایکم داممەزراند بەلام حکومەت هیچ پالپشتیەکی دارایی نەکردوم بگرە باجیشمان لێ دەستێنێ.

بۆ کارەکەم من زیاتر پیویستم بە رەگەزی مێیە چونکە ئەوانەی سەردانم دەکەن زۆریان لەرەگەزی مێن و ئەو کارانەی بۆیان دەکەم زۆرجار پیویست دەکات لەش و لاریان ببینم بۆ ئەمەش زیاتر مامەڵەکردن لەگەل رەگەزی مێ ئاسانتر و گونجاوترە.

**کەیسی ژمارە (٦)**

من (ب. ا) تەمەنم (٢٨) سالەو رەبەنم بروانامەی بکالۆریوسم هەیە وە لە ئیستادا سەنتەریکی جوانکاری نینۆکم هەیە بۆ ماوەی (٤) سالە ئەم کارەدەکەم بەتەنها کاری خۆمە.

بەڕای من خوێندن هۆکاری سەرەکی نیە بۆ سەرکەوتن لە کاردا ڕاستە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا خوێندەواری زۆر گرنگە چونکە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاو سۆشیال میدیا و کاری ژمێریاری و تەنانەت ئیدارەکردنیش ئەمانە هەموی پێویستی بە ڕادەیەك زیرەکی هەیە بە پلەی یەکەم پێویست بە زانست و زانیاریش هەیە بە پلەی دووەم زیرەکی دەکەوێتە سەر توانای مێشکی مرۆڤەکان بەڵام زانست و زانیاری بە رێگای خوێندن بەدەستی دەهێنێت هەریەکەیان کارئاسانی باشت بۆ دەکەن لە کارەکەت ، بەڵام لە هەموی گرنگتر کەسێتی خۆتە واتە بۆ ئەوەی بتوانیت خاوەن کارێکی بە تواناو لێهاتویی ئەوا پێویستە سەرکردەیەکی زیرەك و باش بیت چونکە لە کاردا ئیدارەدانی کارو ستافەکە ئاسان نیە پیویستی بە هێزو وزە دەبێت تا بتوانی کۆنترۆڵی بکەیت ، بەڕای من بۆی سەرکەوتوبیت زۆر گرنگە گوێڕایەڵی خێزان بیت و دژایەتیان نەکەیت ، چونکە لەم کۆمەلگەیە دەرچون لە فەرمانەکانی خێزان قورسەو رووبەروی کێشەت دەکات و رەنگە توانات بۆ کار لەدەست بدەیت جا هەتا خێزان پشتگیریت بکات کارت ئاسان دەبێ .رلستە لەم رۆژەدا سۆشیال میدیا تەواوی ژیانی تاکی داگیر کردووە چونکە تاکێکی زۆر بێ ئیشە سەرقاڵی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیاو بە تایبەتی سۆشیال میدیا ئەگەر بۆ ئەوان خراپ بێ بۆ ئێمەی خاوەن کار زۆر باشەو سودی باشی لێوەردەگرین چ لە ناوبانگ دەرکردن و ناساندنی بەرهەمەکانمان لە ڕێگەی مارکێتین لەم ڕووەوە توانیومە سودی لی وەربگرم چونکە ئەگەر من لە ریگای سۆشیال میدیا بە( ٢ ) ساڵ بەناوبانگ بووم رەنگە بەبێ ئەوە بە( ٥ ) ساڵ بەناوبانگ نەبومایە واتە رێگەکەی بۆ کورت کردومەتەوە ،بەڵام هەموو سەرکەوتنێك باجی خۆی هەیە من سەرقالبونم بە کارەکەم و مانەوەی زۆرم

لە شوێنی کار وای کردووە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە کێشەی بۆ دروست کردوم ئەوەتا پەیوەندیم بە خزم و کەس و کار و هاوڕێ کەم بۆتەوە چونکە کاتم نیە بۆی سەردانیان بکەم ، جگە لەوەی هاوسەرگیریشم نەکرد لەبەرئەوەی بەلای منەوە قورسە هاوسەرێك بدۆزیتەوە هاوکارت بێ و لێت تیبگات و پشتیوانت بکات و ئیدارەدانی مال و مندال و کاریش بە لامەوە قورسە

**کەیسی ژمارە (٧)**

من (س. ت .ك) تەمەنم (٤٢) ساڵەو خێزاندارم و خاوەنی (٣) مندالم بڕوانامەی بنەڕەتیم هەیە لە ئێستادا خاوەنی خواردنگەم ،بۆ ماوەی پێنج ساڵە ئەم کارە دەکەم و تەنها کاری خۆمە.

چێشت لێنان کارێکی ژنانەیە ئەرکی خۆمانە ، راستە من پێشتر کاری زۆرم کردووە بەڵام زیاتر خودی خۆم لەم کارە بینیەوە کە درێژکراوەی کارە تەقلیدیەکەی خۆم بوو بەڵام بەدەستهێنانی بژێوی ژیانم هۆکاری سەرەکی کارکردنم بوو چونکە من باری ئابوریم باش نەبوو لەگەڵ ئەوەی کە هاوسەرەکەم زۆر ڕێگربوو کاربکەم بەردەوام شەڕو ئاژاوە دروست بوو لە نێوانمان بەڵام خۆشی پێداویستیەکانی خۆم و منداڵەکانی پرنەکەکردەوە لەگەڵ ئەوەشدا هێزو توانایەکم هەبوو ، هەرکات بڕیارێکی کارێکم دا بێت پاشگەزنابمەوە لێی بە تایبەت ئەگەر ببینم کارەکەم بەسودە و زیانی نیە . بۆیە توانیم بەربەستەکانم بشکێنم و کارەکەم بکەم . تەنانەت کارکردنیش بۆ ژن ئاسان نیەو لێهاتویی دەوێت توانای ئیدارەدانی دەوێت چونکە ڕووبەڕوی چەندین جۆر مامەڵەکرد دەبێتەوە لەگەڵ دەوروبەرت بەباش و خراپ بۆیە توانای خۆم هاوکارم بوو لە ئێستادا کارێکی گەورەم هەیەو داهاتێکی باشم هەیە توانیومە پێداویستیەکانی خۆم و خێزانەکەم پڕبکەمەوە ، ڕاستە خێزانەکەم زۆر ڕێگرم بون بەڵام بەگشتی خەڵکی زۆر بەڕێزەوە تەماشای کارەکەم دەکەن و دەست خۆشیم لێ دەکەن و چونکە پێموایە کاری ئامادەکردنی خواردن بە کارێکی ژنانەی دادەنێن و و کۆمەڵگە بە گونجاوی دەزانێت بۆ ژنان تەنها کەمینیەك بە بێ ڕێز تەماشای ژنانی خاوەن کار دەکەن یان من ئەوانەی کارم لا دەکەن ژنن و توانیومانە بە شێوازێك رەفتارو مامەڵە بکەین جل و بەرگ و خۆڕازاندنەوەمان بە جۆرێکە بگونجێ لەگەڵ کلتورەکەمان بەم جۆرە لە زۆرێك لە کێشەکان بە دوور دەبین .

**کەیسی ژمارە (٨)**

تەمەنم (٤٢) ساڵەو جیابومەتەوەلە هاوسەرەکەم خاوەنی کوڕێکم و بڕوانامەی ماستەرم هەیە ، لە ئێستادا خاوەنی چەند کۆمپانیایەکم لە بوارەکانی دابینکردن و بەلێندەرایەتی گشتی تەکنەلۆجیاو زانیاری لە ساڵی (٢٠٠٦) وە ئەم کارانە دەکەم و تەنها کاری خۆمە .

کەسێکی کەلەڕەقم هەرکاتێك بڕیاری کردنی شتێکم دابێت ئەنجامی دەدەم سەرەتا لەلایەن کەسانی دیکە کارم دەکرد و زۆر ماندوو دەبوم بەڵام ئەمە هاوکاری کردم تا شارەزایی زۆر پەیدا بکەم وایلێکردم بیر بکەمەوە هەموو ئەو ئەزمون و زانیاریانە دەزانم بۆ خۆم ئەم کارە نەکەم ئەمە سەرەتای دەستپێکردنم بوو ، ئەگەرچی من کاتێك دەستم پێکرد کۆمەڵگە وەك ئێستا پێشکەوتوو نەبوو ڕێگری زۆرم بۆ دروست بوو چ لەلایەن خێزان و چ لەلایەن کۆمەڵگە بۆ هەموو کارێك دەبوایە پیاوێك پاڵپشتم بوایە و لەگەڵم بوایە ئیتر باوکم یان مامم زۆر هاوکاریان دەکردم زۆرجار کارەکانیان بۆ رادەپەڕاندم ئەگەر گەشتم بکردایە یان بۆ شوێنی دوور برۆشتمایە ئەوا بە تەنها نەدەبوم پیاوێك هاوکارم دەبوو . ڕاستە من کارەکەم قورس و گران بوو لە ئاستی پیاوە زل هێزەکان و دەسەڵاتدارەکان بوو بۆیە بەردەوام لە لایەن خاوەن کارە پیاوەکان ڕووبەڕووی هەڕەشە دەبومەوە پێیان دەوتم بۆ کاری جوانکاری و جل و بەرگ ناکەیت ئەمە کەی ئیشی تۆیە ، تەنانەت لەوسەردەمەی من کارم دەکرد ئەگەر ژن خۆی دەربخستایە قسەی زۆر نەشیاویان دوادەخست بۆیە من ترسی خۆدەرخستنم هەبوو بە ئێستاشەوە کەس نامناسێت ئەمە لاوازی نیە لە مندا بەڵکو بیرکردنەوی کلتورەکەمە بۆ ژنان ناچارت دەکەن پابەندی بیت کە دڵنیام زۆرینەی ژنان بەم جۆرە کاردەکەن ، بەڵام بیرکردنەوەی من پێچەوانە بوو رەنگە ئەگەر پیاو بە رووی جەستە لە من بەهێزترە، بەڵام کاری ئەمڕۆ پێویستی بە هێزی عەقڵە نەك جەستە .بۆیە خۆم لە پیاوان زۆر بەهێزتر دادەنێم و ئەمەش نهێنی سەرکەوتنمە بەردەوام کارم لەگەڵ پیاو بووە وە کارەکانیشم بە پیاو دەبرێت بەڕێوە وە ئەوانەشی مامەڵەم لەگەڵ دەکردن پیاوانی سەرمایەداربوون بۆ من قورس بوو وە هاوکاری خێزانەکەم نەبوایە نەمدەتوانی بەردەوام بم . هەروەها کاری لەم جۆرە بەئاسانی ڕووبەڕووی گێچەڵ سێکسیت دەکاتەوە چونکە دەوروبەرم پیاو بون کارم لەگەڵ دەکردن بەتایبەتی پیاوی سەرمایەدار کەبیرکردنەوەی نەرێنیان بۆ ژنانی خاوەن کار هەیەو بڕوایان بە کاری ژن نیە زۆر بەئاسانی گێچەڵی پێدەکەن بەلام من رێگەم پێنەداون بە قسەی رەق وەڵامم داونەتەوە.

**کەیسی ژمارە (٩)**

من(ن.ع. ا) تەمەنم (٦٢) ساڵەو خێزاندارم و خاوەنی (٣) کوڕم کۆلێژی ئەندازیاری کیمیا م تەواوکردووە ، لە ئێستادا خاوەن و بەڕێوەبەری جێبەجێکارم لە کۆمپانیاکەم، بۆ ماوەی ٣ ساڵە ئەم کارە دەکەم هاوسەرەکەم هاوبەشی کارەکەمە.

لەگەڵ ئەزمونەکانی کارکردنم لە ژیانم لە چەندین شوێنی جیاواز کارم ئەنجامداوە بەڕێوەبەرایەتیم کردووە هەموو ئەمانە وانیەکی ژیانیان فێرکردوم لەسەر پێی خۆم بوەستم کەسایەتیشم بە جۆرێك بوو سەرکێشیم نەکردووە تەنها حەزم کردووە هەنگاو بە هەنگاو کاربکەم یان ئەو کارەی نەمزانیێ بە کەسی شارەزاو پسپۆر پرسیارم کردووە ، کەواتەخوێندن چەند گرنگە ئەوا دەبێت کاریشی لەگەڵ بکەیت واتە ئەوەی بە تیۆری فێری دەبیت هیچ نیە ئەگەرجی بە جێی نەکەیت ئەم قۆناغانەی ژیانم کە بڕیومە دەیگەڕێنمەوە بۆ پەروەردەی خێزانم یان ژینگە کۆمەڵایەتیەکەم من لە خێزانێکی رۆشنبیر لە بەغداد گەورەبوم ژیاوم شێوازی ژیانی ژنانی بەغداد زۆر جیاواز بوو لە ژنانی کۆمەڵگەکەم کە ژنانی ئێمە زۆر چەوەساوەبون ئەمەش هاوکارم بوو بۆ ئەوەی بێ ترس هەنگاوەکانی ژیانم تێپەڕێنم بێ کۆت و بەندکردن ، واتە من ڕێگری خێزانیم نەبوو هاوسەرەکەشم زۆر پاڵپشتم بوو ئەم تێگەیشتنەی نێوانمان خاڵی بەردەوامیمان بوو نەك دروستکردنی کێشە هەموو پلان و بەرنامەو ئامانجمان بە هاوبەشی بووە کەمترین کێشەمان هەبووە ، راستە من بە مافی خۆمی دەزانم ئیدارەی گەورەترین کۆمپانیا بکەم چونکە لە خۆم ڕادەبینم بەڵام دواجار نابێ هاوکاری هاوسەرەکەم لە یادبکەم چونکە ئەگەر ئەو نەبوایە نەمدەتوانی بگەمە ئەم ئاستەی ئێستام ، هەموو ئەم کارانەم بۆ ناووناوبانگی نەکردووە بەڵکو حەزم کردووە ببمە پێشەنگ بۆ ژنانی دیکە هاندەری ژنێکی تر بکەم بێتە مەیدان چونکە لەمڕۆدا ژنانێکی زۆر داوای مافی خۆیان دەکەن بۆیە دەبێت کاربکەن تا بتوانن خودی خۆیان بسەلمێنن و

مافەکانیان بەدەست بهێنن ودەبێت ئاگاداری شێوازی ڕەفتارو جل و بەرگیان بن تا بتوانن قبوڵ بکرێن و کێشەیان بۆ دروست نەبێت بتوانن هەموو هۆش و زەینیان لەسەر کارەکەیان بێت و بەردەوام کاری داهێنەرانە بکەن.

**کەیسی ژمارە (١٠)**

من (س. ا.م) تەمەنم (٤٥) ساڵەو خێزندارم و (٢ ) کورو کچێکم هەیە بروانامەی بکالوریوسم هەیەو خاوەنی دوو کافتریام ، بۆ ماوەی (٦) ساڵە ئەم کارە دەکەم و هاوبەشم هەیە لە کارەکانمدا.

خویندن بەڕای من کار ئاسانیت بۆ دەکات بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان وە لە ئیستادا هەموو کارێك پەیوەستە بە کۆمەلیك زانیاری ئەمەش لە ریگەی بروانامەیەکەوە دەستەبەر دەبێت واتە دەکەوێتە سەر جۆری کارەکان بەتایبەتی ئەو کارانەی کە گەورەن و پرۆژەی گەورەن زیاتر پێویستی بە بڕوانامەو خوێندن هەیە ، بۆنموونە ئەگەر من بڕوانامەکەم لەسەر بەڕێوەبردنی گەشت و گوزار بێت ئەمە جیاوازترە دەمتوانی باشتر سەرکەوتن بەدەست بهێنم دەکات چونکە زیاتر پرۆفیشناڵ ترەو کاردەکەیت وە پیشەکەت بەباشی دەروات بەڕێوە ، بەلام ئەگەر بتەوێت لە مالەوە کاری خۆت بکەیت و یان بزنسێکی بچوکت هەبێت پێموایە خوێندن زۆر گرنگ نیە .کەواتە ئارەزووکردنم بۆ کارەکەم ودابینکردنی خۆشگوزەرانی بۆ خۆم و خێزان و کۆمەلگەکەم متمانەیەکی زۆری بە من بەخشی چونکە یەکەم ژن بوم کافتریای تایبەت بە خۆمم هەبێت ئەمەش هەستێکی زۆر خۆش بوو پێگەیەکی بۆ من دروست کرد توانیم سەرپەرشتیاری کۆمەلێك گەنج بکەم بەباشی ئیدارەم دان و سەرکەوتنەکانم وایکرد ئاسان بڕوابونم بە خۆم زیادی کرد و رۆحی سەرکردایەتی لە خۆمدا برەو پێدا ،چونکە کاتێك دەچمە شوێنی کارەکەم هەموو ستافەکە بەرەو رووم دێن هەموو کیشەو سەرکەوتنەکانیان ئاراستەی من دەکەن بێگومان ئەوە هەستیکی زۆر خۆشم پێدەبەخشیت . سەڕەرای ئەوەی کۆمەلگە کراوەتەوە پیشکەوتوە بەلام ئەمە هۆکاری سەرەکی پیشکەوتنی من نەبووە چونکە پێموایە تەنها بەرووکەش کۆمەلگە کراوەتەوە هێشتا هەر لە ناخی دەروونی تاکەکان ریگریەکان زۆرە بەرامبەر بە ژنان چونکە تا ئێستا بۆ کچان شیاو نیە لە کافتریا کاربکەن ئەویش لە ترسی قسەو باسی کۆمەلگە، ئەمە وایکرد زۆرترین لە کارمەندەکانم کوڕن کەمتر کچ کاردەکات لای من چونکە خێزانەکانیان ڕێگەیان پێنادەن ئەگەر چی من زۆر حەز دەکەم زۆرترین هەلی کار بۆ کچان بێت ،

**کەیسی ژمارە (١١)**

تەمەنم (٢٧) ساڵەو جیابومەتەوەو قۆناغی بنەڕەتیم تەواو کردوەو کاری تایبەت بەخۆمم هەیەو خاوەنی بوتیکی جل و بەرگی ژنانم بۆ ماوەی (٧) ساڵە ئەم کارە دەکەم و بە تەنها کاردەکەم.

بۆ ساڵانێکی زۆر ژنی ماڵەوە بووم بیرمکردەوە وەك ئەوەی لە خوێندن سەرکەوتو نەبوم لەبەرامبەردا دەبێت کاری خۆمم هەبێت بتوانم داهاتێك پەیدابکەم ، بێگومان داهاتیش ئامانجێکی گرنگی مرۆڤە هاندەرێکی کاریگەرە بۆ کارکردن پێموایە هەموو شتێك بە پارە دەکرێت واتە کاربکەو دواتر خوێندن تەواو بکە ، بەهۆی کارەکەمەوە شارەزاییەکی زۆرم پەیداکرد لە بواری کارو بازرگانی توانیم خۆم بگونجێنم لەگەڵ دەوروبەرەکەم مێشکم فراوانکرد و زیاتر قبوڵی گۆرانکاریم کرد ، کارەکەم بەدەستهێنا پارە تاکە هۆکار نەبوو بەڵکو حەزم کرد خودی خۆم بگۆڕم ببم بە ژنێکی بەهێزو بەتوانا سڵ لە هەموو رێگریەکان بکەمەوە و بتوانم کاری گەورەتر ئەنجام بدەم تەنانەت سودێکم هەبێت بۆ خێزانەکەم چونکە ئەوانەی کارم بۆ دەکەن ئەندامانی خێزانەکەمن واتە من توانیم پشت بە خۆم ببەستم چاوم لە دەستی کەس نەبێت ، بگرە من هاوکاری ئەوانم کردو توانیم بە ئازادانە رێگە نەدەم کەس چی دی کۆنترۆڵم بکەن و جگە لەوەی کەسێکی ئەرێنیم و گەشبینم گوێم نەداوە خەڵکی چۆن بیر لەمن دەکەنەوە چونکە ئەوان پێیان وایە سەرکەوتنی هەموو ژنێك لە بازرگانیدا دەبەستنەوە بەوەی پیاوێك دەستی گرتووەو هاوکارو پشتیوانی بووە ئەم بیرکردنەوەیە پەیوەندی بەو وێنەیەوە هەیە کۆمەڵگە بۆ ژنی داناوە دەبێت تەنها لە چوارچێوەی ماڵ بێت ، بۆیە کاتێك ژنێك سەرکەوتوو دەبێ لە کارێك تەنانەت حوکمی ئەوەت بەسەردا دەسەپێنن دەبێت جلەکانت و رەفتارەکانت بە دڵی خەڵکی بێت ئەمەش کێشەی زۆر بۆ دروست کردوم چونکە خەلکی ئێمە تەماشای روکەش دەکەن و بە جل و بەرگ حوکمت دەدەن واملێهاتووە کە نەتوانم بە ئازادانە جلەکانم بپۆشم تەنانەت هەر بەهۆی لەکانیشمەوە گێچەڵی سێکسیم رووبەڕوو بۆتەوە.

**کەیسی ژمارە (١٢)**

من (ن. ئ.ع) تەمەنم (٣١) ساڵەو خێزاندارم و خاوەنی کچێکم و بروانامەی بکالوریوسم هەیە، لە ئێستادا کاری دیزاینەری کەل و پەلی ناو ماڵ دەکەم ،بۆ ماوەی (٤) ساڵە ئەم ئیشە دەکەم و هاوسەرەکەشم هاوبەشە لەگەڵمدا

.

حەزو ئارەزوی خۆم ئەوەبوو لە منداڵیەوە دوکانیکی تایبەت بە دیزاین کردنم هەبیت و ببمە خاوەن سەرمایەی خۆم ، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێنمەوە بۆ قۆناغە جیاوازەکانی ژیان و هاوکاریەکانی دایکم و باوکم و هاندانی هاوسەرەکەم بەردەوام دەیوت تۆ لە کۆتایدا کاریکی تایبەت بە خۆتت دەبیت وبەو شێوەیە توانیم لە ماوەیەکی کەمدا سەرکەوتن بەدەست بهێنم ، جگە لە جۆری کەسایەتیەکەم ڕێگەخۆشکەر بوو ئاسانکاریبۆ کردم بەوەی من کەسێکی زۆر نەرم و نیانم لەگەل کریارەکانم زۆر خۆڕاگرو ئارامیم هەیە لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵیان ئەمەش هۆکارێکی تری سەرکەوتنی کارەکەمە . سەبارەت بە رێگریەکان ، راستە من خیزانەکەم رێگر نەبون لە کارەکەم بەڵام خاوەنی چەند بەرپرسیاریەتیەکی ترم ئەرکی ماڵ و منداڵیش هەر لەئەستۆی منە ئەمە زۆر جار وایکردووە کێشەی بۆ دروست کردوم بەرای من ئەگەر هاوسەنگی رانەگریت ئەوا دەبێت قوربانی زۆر بدەیت بەئاسانی ناتوانی کۆنترۆڵی کارەکانت بکەیت ئەگەر بوێر نەبیت وزەو توانات نەبێت بەرگەی مانەوە ناگریت . جگە لەوەی مرۆڤ تابەرەو گەورەیی و سەرکەوتوی هەنگاو بنێت ئەوا خەلکی هەولدەدەن بچوکی بکەنەوە من ئەوە ناودەنێم ئیرەیی ئەم جۆرە کەسانە لە کۆمەلگەی ئێمە زۆرن بەداخەوە بەردەوام وزەی روخێنەرت پێدەبەخشن ئەزمونەکانی کارکردنم نەبوایە و پێشتر لەگەل هاوسەرەکەم کارم نەکردایە ئەوا ئێستا نەمدەتوانی ڕووبەرووی رەخنەو رەفتاری نەشیاوی خەڵکی ببمەوە .جگە لەوەی زۆرجار کۆمەڵگە واتلێدەکات پیاوانە ڕەفتار بکەیت بۆ ئەوەی بەرامبەر وەك کەسێکی بەهێز و خاوەن بڕیار تەماشات بکەن و من پێموایە ئەزمونی ژیان تۆ پەروەردە دەکات

.

**کەیسی ژمارە (١٣)**

من (ر.م.ئ ) تەمەنم (٣٤) ساڵەو خێزاندارم خاوەنی کوڕێك و دوو کچم کۆلێژی بازرگانی بەشی (ژمێریاری) م تەواو کردووە و لە ئێستادا خاوەنی کارگەی شیرینیم ،بۆ ماوەی (٩) ساڵە ئەم کارە دەکەم و بە تەنها کاری خۆمە .

لەگەڵ پیشکەوتنی تەکنەلۆجیا مرۆڤی ئەمرۆ بە تەواوی وەك پیویستیەکی رۆژانە خوی بە ئینتەرنێتەوە گرتووە لە پاڵ ئەوەی سەدان زیانی بە کۆمەلگەی مرۆڤایەتی گەیاندووە بەلام بۆتە پالنەریکی گەورەو سودیکی گەورەی بۆ من لەریگەیەوە توانیومە ببمە خاوەن کارگەو جۆرەها شیرینی دروست بکەم ئەمە،سەرەڕای حەزو ئارەزوم بۆ کارەکەم بەلام ئەگەر سۆشیال میدیا نەبوایە لەوانەیە نەمتوانیایە بەردەوام کاری جوانترو ناوازەتر ئەنجام بدەم ، راستە کارەکەم گونجاوە لای خێزانەکەم و خەلکی بەلام گەورەکردنی ئاسان نەبوو چونکە هاوسەرەکەم دەترسا سەرکەوتو نەبم و زەرەر بکەم ئاسایی بوو بەلامەوە پیاوێك لە کلتورێکی نێر سالاری ژیانی و مێشکی بەو شێوەیە پەروەردەکراوە کە بۆ ژن ئاساییە نەتوانێت سەرکەوتو بێت لە کاردا چونکە ئەمە ئەرکی ئەوان نیە ببنە بەخێوکەر و پارە پەیداکەر بەلام من بێ ترس کارەکەم کرد و تەنانەت بومەتەخاوەنی گەورەترین براند لە سلیمانی زۆرینەی خەلکی دەستخۆشیم لیدەکەم ، بە رای من کارکردن بۆ ژنان تەنها پیدانی سەربەخۆی ئابوری نیە بەلکو پیدانی سەربەخۆیە لە ژیانی کۆمەلایەتیداو دەبیتە پردیك بۆ ئەوەی بروای بە خۆی هەبیت واتە ئەگەر توانیت لە ژیانی کارکردن سەرکەوتو بیت و ئیدارەی باشی کارو ستافیك بکەیت دەتوانی کەسێکی بەهێزو بە وزەوە بروانیتە ژیان ، بیگومان ئەم کارەشم بەئاسانی دەستەبەر نەکردووە رەنج و ماندوبونیکی زۆرم چەشتووە تا گەیشتومەتە ئەم قۆناغەی ئیستا چونکە کۆمەلیك بەرپرسیاریتی ترم لە ئەستۆدایە وەك دایکیك کە چاودیری کردنی منداڵەکانە واتە ئەگەر گەورەترین کار بکەیت دواجار تۆ ژنیت و خێزانت هەیە بەرپرسیاریتیان لەسەر شانی تۆ دەبیت هەولبدەیت هاوسەنگی رابگریت ئەگەر نا کۆنترۆڵت پیناکرێ و شکست دێنیت یان کێشەی خێزانیت بۆ دروست دەبێت.

**کەیسی ژمارە (١٤)**

من (ف.ر.ئ) ، تەمەنم (٧١) ساڵەو خێزاندارم و خاوەنی(٢) کوڕو کچێکم لە سلێمانی دەژیم ،کۆلێژی ئەندازیاری بیناسازیم تەواو کردووە .خاوەنی کۆمپانیای بەلێندەرایەتی گشتیم و کاری خۆمە

بەردەوام کەسێك بووم بروام بەخۆم و بە تواناکانم هەبووە هەر کارێك دەستم پێکردووە سەرکەوتو بوم تیایدا ئەمە پاڵنەرێك بوو بۆ ئەوەی متمانەی کۆمەلگەش بەدەست بهێنم چونکە پشتیوانی خەڵك وکۆمەڵگە خۆشەویستی و ریزگرتنی ئەوان زۆر خۆشحالی کردم بۆیە هەتا ئەم کارو چالاکیانەم ئەنجام نەدا هەستم بە بونی خۆم نەدەکرد لە کۆمەلگەدا . یان چ پێگەیەکم هەیە لە ناو خەلکدا وە ئەمەش بەزۆر دەزانم بۆ ژنێك لە کوردستان کاری تایبەت بە خۆی هەبێت خۆشبەختانە توانیم سەرکەوتوو بم ، پێشتر لە دامەزراوەیەکی حکومی کارم دەکرد ناچار بووم بە پێی پلانی ئەو دامەزراوەیە کارەکانم ئەنجام بدەم کەسایەتیم ون بوو حەزو ئارەزوکانم دیار نەبوو شارابونەوە، بەلام ئەم کارەم ماندوبوونی خۆمی تێدابوو ئەمە جیاوازتربوو،چونکە کارکردن لە کەرتی تایبەت وات لێدەکات متمانەت بە خۆت هەبێت دەبیتە نموونە بۆ کەسانێك کە ئیدارەیان دەدەیت ، لەلایەکی دیکە باوکم کەسێکی رۆشنبیرو تێگەیشتوو بوو و خودی خۆی سەرقاڵی کارو بازرگانی بوو وە ئەو جوڵەو چالاکیەی باوکم بووە هاندەرم تا منیش هەمان رێچکەی ئەو بگرم و دەست بەکاری بازرگانی بکەم واتە کەسایەتی سەرکەوتووی باوکم نموونەی باڵام بوو .راستە ئەم کارە قورس بوو بۆ من وەك دایکێك بەڵام هەموو هەوڵەکانم خستە گەڕ تا درێخی لەم رۆڵە پیرۆزە نەکەم و توانیم هەموو سۆز و خۆشەویستی ببەخشمە منداڵەکانم

**کەیسی ژمارە (١٥)**

من (ش.ح. ن ) تەمەنم (٤٣) ساڵەو خێزاندارم و خاوەنی (٣) کچم بروانامەی بکالوریوسم هەیە ، کاری سەربەخۆی خۆمم هەیەو بۆ چەند ساڵێکە کاری بازرگانیم دەست پێ کردووە کەل و پەل لە دەرەوەی وڵات دەهێنم ، بەلام بۆ ماوەی( ٢ ) ساڵە سەرقاڵم بە کارێکی نوێوە کە بوارێکی تازەیە بە ناوی ( بورصەی ئەلکترونی Cryptic currency ) بەشێکی لەگەڵ هاوسەرەکەم ئەم کارە ئەنجام دەدەین وە بەشێکیشی لەگەڵ کۆمپانیایەکی جیهانی هاوبەشم لەگەڵیان .ئەم کارە پێویستی بە ئاستێك لە خوێندەواری هەیە چونکە پەیوەستە بە زمانەوە ، سەرەڕای ئەوەی من پسپۆڕیەکەم لە کۆمەڵناسی ئەمەش بە هەمان شێوە پاڵنەرێك بووە بۆ من هاندەر بم بۆ کاری بازرگانی و زۆر رۆڵی هەبووە بۆ ئەوەی من زیاتر ئازاد بم و دەنگی سەربەخۆم هەبێت . بەڵام پەروەردەی خێزانیش زۆر رۆڵی هەیە وات لێدەکات متمانە بەخۆبونت بەرزدەکاتەوە چونکە ئەو ژنانەی لە ماڵەوەن یان کارێکی بەردەوام رۆتینی ئەنجام دەدەن توشی نامۆبون دەبن بەردەوام کارەکانیان دووبارە دەبنەوە وەك (امیل دورکهایم ) باسی دەکات ، بەلام چونکە من سەربەخۆ کارم کردووە توانیومە خۆم بسەلمێنم خۆم دروست بکەم داهاتێکی سەربەخۆم هەبێت ئەمەش دڵنیایی ئەوەی داومەتێ کەسێکی بە تواناو بەهێزم ، بروا بە خۆبونم لە کارەکەم بواری دام سەردانی دەرەوەی وڵات بکەم و لەم رێگایەوە توانیم پەیوەندی باش لەگەڵ هاوپیشەکانم دروست بکەم راوبوچون بگۆرینەوە بە تایبەتی ژنانی رۆژهەڵاتی ئاسیا هەرچەندە جۆری کارکردن ئەوان لەگەڵ ژنانی ئێمە جیاوازی هەیە بەڵام توانیومە سود لەکارو پرۆژەو ئەزمون و بیرو بۆچونەکانیان وەرگرم ئەمەش زیاتر هاوکاری کردم لە کارەکەم.

سەبارەت بە رێگریەکان ، هەرگیز خێزانەکەم رێگر نەبوون بە پێچەوانەوە زۆر پاڵپشتم بوون بەڵام بەردەوام هەمیشە ژن قوربانی دەدات چونکە پیاوان لە منداڵیەوە ڕادەهێنرێن کە تەنها کاریان پارە پەیداکردنەو بۆی نی ئەرکی ناو ماڵ ئەنجام بدات و لە ئەستۆی ژنە ئەمەش لە کاتێکدا کە ژن بڕیار دەدات کاری دەرەوە بکات زۆر ماندوی دەکات چونکە شان بە شانی کارکردنی دەرەوە کاری ناو ماڵ چاوەڕوانیەتی بۆ نموونە مرۆڤ کاتێك هاوسەر و دایك بێت و بەرپرسیش بێت لە دابینکردنی ئارامی و ئاسایشی دەروونی منداڵ و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانی سۆزداری و خۆشەویستیەکانی منداڵ قورسە بتوانێ کاری دەرەوە ڕێکبخات واتە ئەگەر چی بتوانێ لە ئەرکی ناوماڵ یارمەتی دەر بدۆزیتەوە لە ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ قورسە ئەمە بکات دەبێت قوربانی بدات.

سەبارەت بە پۆشینی جل و بەرگ من بڕوام نیە کە جل و بەرگ ناخی مرۆڤ بێت ، چونکە من ئەو کەسەم کە خۆمم بەڵام چونکە لە کۆمەڵگەیەکدام لەسەر بنەمای ڕوکەش بڕیاردەدەن دەبێت پێشو ئامادەکاری بکەیت لەگەڵ شوێنی کارەکەت و عەقلیەتی ئەو پیاوانە خۆت بگونجێنی مادام من لەگەڵ جۆرەها عەقلیەت مامەڵە دەکەم  ناتوانم گۆرانکاری لەم هەموو جۆرە کەسایەتیانەدا بکەم ئەوا من زیاتر ئامادەکاری دەکەم بۆ خۆم.

باسی سێهەم : دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

زۆرینەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە تەمەنیان لە نێوان (٢٥-٤٥) ساڵیدایە واتە لە تەمەنی گەنجی و کامڵ بونی عەقڵی دان و زۆریان بڕوانامەی زانکۆییان هەیە و خێزاندارن و خاوەن منداڵن.

زۆربەیان جەخت لسەر ئەوە دەکەن پاڵنەری سەرەکیان بۆ بون بە ژنی خاوەن کار پەیوەندی هەیە بەو شێوازی پەروەردەو ئەو پێگەیاندنە کۆمەڵایەتیەی لە باوانیان وەریان گرتووە واتە لە کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی کوردی خاوەن کلتورێکی نێر سالاری و خێڵەکیە خێزانەکان ڕۆڵی باڵا دەگێڕن لەوەی بناغەیەکی باشی کەسێتی بۆ منداڵە کچەکانیان دروست بکەن بە جۆرێك  بتوانن ئازاد و سەربەخۆبن و بتوانن ڕووبەڕوی هەموو ئەو ڕێگریانە ببن  کەلتور دەیهێنێتە پێشیان واتە لە کلتورێکی وەها ئەگەر کچێك لە منداڵیەوە بەشێوازێکی جیاواز فێرنەکرێ قورسە بتوانێ لەو ڕێچکەیە دەربچێ لە زەینی تاکەکان دروست کراوە بۆ ڕەگەزی مێ  چۆن ژنێك بتوانێ لە وێنەی خۆی وەك بەندکراوێکی ناو خێزان و خزمەتکارێکی ئەندامەکانی دەربچێ چۆن بتوانێ لە کەسیەتیەکی مشەخۆری ڕوکەشی لاوازی بێ دەسەڵات بگۆڕێت بۆ کەسێك  خۆی خاوەن کارو پرۆژەیەك بێت و لە لوتکەی هێزو دەسەڵات بێ و خاوەن ڕاو خاوەن بڕیاری کۆتایی و یەکلاکەرەوە بێ و هەموو ئەوانی دیکە چاویان لە دەم و دەستی ئەو بێ لەبری ئەوەی ئەم (ژنەکە) پشت بە پیاوێك ببەستێ کۆمەڵە پیاوێك لە بن دەستی کاربکەن و ئیدارەیان بدات  ، بەڵام لەگەڵ ئەوەی لەم جۆرە کلتورە ژنانێك هەن فێرکراوە بەوەی ئازاو بە جەرگ و چاونەترس بن و دژە باو بێ بەڵام ئەگەر پاڵپشتی خێزان و بە تایبەت هاوسەر نەبێ وەك زۆرینەی ئەندامانی نموونەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن ناتوانن بەردەوام بن و سەرکەوتن بەدەست بهێنن لە کارەکەیاندا چونکە نەبونی پشتیوانی خێزان هەر خۆی دەبێتە یەکێك لە ڕێگریە کۆمەڵایەتیەکان کە ڕووبەڕوی ژنان دەبێ لە مەیدانی کارو بازرگانی.

جگە لەوەی یەکێکی دیکە لە پاڵنەرەکانی کارکردنی ژنان بەڕای زۆربەی ئەندامانی نمونەی توێژینەوەکە بریتیە لە سەربەخۆیی ئابووری واتە لەگەڵ زۆربونی پێداویستیەکان و جۆراوجۆربونی ڕاستە وەك ئاماژەمان پێ کرد ئێستا داهاتی تەنها کەسێك بۆ نموونە باوك لە خێزان بەشی پڕکردنەوەی پێداویستیەکان ناکات بەڵام لەگەڵ ئەوە زۆرێك لە ژنان هەن ئارەزوی ژیانێکی خۆشگوزەران دەکەن واتە ئەگەر چی داهاتی پیاوەکە بەشی پڕکردنەوەی پێداویستیەکان بکات بەڵام ئەمان ئارەزوو دەکەن ئەو سنورە تێپەڕێنێ و ژیانی خۆیان و خێزانیان خۆشتر و باشتر بکەن و ئەو داهاتەش بەدەست دەهێنن ئازادانەو بێ سانسۆر بەکاری بهێنی جگە لەوەی ئەمە وایان لێدەکات متمانەیان بە خۆیان و زیاتر هەست بە بونی خۆیان بکەن و جۆرێك لە هێزو دەسەڵات بەدەست بهێنن و بتوانن ڕای خۆیان دەربڕن و گوێیان بۆ بگرێ و جگەلەوەی دەسەڵات لە نێو خێزان بگرنە ئەستۆ.

لە گرنگترین ئەو ڕێگریانەی دێتە پێش ژنی خاوەن کار بە ڕای زۆربەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بەشێکی پەیوەندی بە کلتوری کۆمەڵگەو ئەو وێنەیە هەیە کە بۆ ژن کێشراوە بەوەی ژن لە کارێکدا کە بەکاری پیاوان ناسراوە بە ئاسانی قبوڵ ناکرێت و لێرەوە زۆرێك لە کێشەو گرفتەکان دەست بەسەرهەڵدان دەکات ، بەڕای زۆربەی ئەندامانی نموونەکە لەوانە کێشەی ململانێی ناوەکی دەرونی دروست دەبێت کاتێك هاوسەرو هەموو ئەندامانی خێزان و خزم و کەس و کار و هاوڕێی چاوەڕێی ئەوە لە ژنێك دەکەن ماڵ پاك بکاتەوە چێشت لێبنێت و خزمەتی منداڵ و مێرد و ئەوانی تر بکات قورسە بیبینێ لە ماڵ نیەو لە دەرەوەیە لە جیاتی ئیدارەی ماڵ بدات ئیدارەی کارو پرۆژەیەکی گەورە بدات قورسە ژنێك کە لە نێو ماڵ بۆی نیە قسە بکات لە کاتێکدا فەرمان بەسەر کۆمەڵە کەسێك بکات و پێیان بڵێ چی بکەن و چی نەکەن ، ژنێك ئەگەر قسە لەگەڵ پیاوێکی نامەحرەم بکات و گەشت بکات بۆ دەرەوەی وڵات بەهۆی کار یان کاتێکی درەنگ لە دەرەوە بمێنێتەوە و لەگەڵ کۆمەڵێك نامەحرەم هەستێ  و دانیشێت و فەرمان بکات بەسەریاندا لە کاتێکدا ئەو ڕۆڵەکەی بریتییە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی پیاو ژنێك چاوەڕێی لێ دەکرێت بە حوکمی دایکایەتی و ژن بونی بەسۆز و میهرەبان بێت کەچی لە کاردا دڵڕەق و توند و زبرە ژنێك کە بونەوەرێکی عاتیفییە ئێستا لە کاردا دەبێ لە لوتکەی عەقڵانیەت بێ تا بتوانێ بەباشی ئیدارەی کارەکەی بدات ئەمانە وادەکات جۆرێك لە ململانێ ناوەکی و دەروونی بۆ ئەو ژنە دروست بکات بەهۆی زۆری ڕۆڵەکانی وای لێدێت جۆرێك لە دژ بەیەکی لە ناخیدا دروست دەبێ وەك ئاماژەمان پێکرد ئەمەش شوێنەواری نەرێنی لەسەر هەست و دەروونی بەجێدەهێڵێ و فشارەکانی سەری زیاد دەکات.

ئەمە جگە لەوەی وەك ئاماژەمان پێکرد لە خستنە ڕووی کەیسەکان زۆریان ئەو کێشەیەیان هەیە کە خێزانەکەیان لێی تێناگات و چاوەڕێی دەکەن ڕۆڵەکانی ببینێ لە نێو ماڵ بەڵام ژنێك کە بتوانێ ئیدارەی کارێکی گەورە بدات قورسە بتوانێ هەندێك کاری بچوکی نێو ماڵ ئەنجام بدات.

ڕێگریەکی دیکە پەیوەستە بە سروشتی کۆمەڵگە و وێناکردنی ژن وەك جەستە چونکە زۆرێك لە ئەندامانی نموونەکە سەلماندویانە ئەگەر چی لە پۆستی باڵای کارگێڕیدان و خاوەن کارن هێشتا هەر لە لایەن پیاوان وەك بوکەڵەیەکی سێکسی تەماشا دەکرێن و هێشتا ڕووبەڕوی گێچەڵی سێکسی دەبنەوە ەر بۆیە زۆریان ناچاربون ستایلی خۆیان لە شێوەو جل و بەرگ و خۆڕازاندنەوە بگۆڕن تا بتوانێ قبوڵ بکرێت لە کۆمەڵگە و سەرقاڵی کێشە نەبێ لەبری ئەوە زیاتر هۆشیان بخاتە سەر کارو بەرەو ئیشی بەرن.

یەکێکی دیکە لە ڕێگریەکان پەیوەندی بەوە هەیە نزیکەی هەموو ئەندامانی نموونەکە جەختی لەسەر دەکەن نەبونی پاڵپشتی دارایی یە لەلایەن حکومەت کە زۆر گرنگە بۆیان تا بتونن برەو بە کاریان بدەن ڕەنگە بەشێکی هۆکارە کە پەیوەست بێ بەوەی کە دەوڵەت هێشتا متمانەی بە تواناکانی ژن نیە یان دەیەوێ لەو قاڵبە بمێنێتەوە کە بۆیان دەست نیشان کراوە.

**ڕاسپاردە**

لە کۆتایی توێژینەوەکە ڕاسپاردەی توێژەرانی دیکە دەکات بەوەی کە پێویستە بایەخی زیاتر بدرێت بەم بابەتە واتە ژنانی خاوەن کار هەوڵبدرێت توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی ئەنجام بدرێت لەسەر :

١) دەست نیشانکردنی ئەو فاکتەرانەی وادەکات زیاتر ژنان ڕوبکەنە بازاڕی کارو بازرگانی واتە چی وادەکات ژنان حەز بکەن ببنە خاوەن کاری تایبەت بە خۆیان
٢) شوێنەوارەکانی بون بە خاوەن کارلەسەرکەسێتی ژنان
٣) گرنگی بون بە ژنی خاوەن کار بۆ کۆمەڵگە
٤) بەتواناکردنی ژنان

**پێشنیار:**

توێژەران چەند پێشنیارێك دەخەنە ڕوو تا بتوانرێت لەسەر ئاستی دامەزراوەکانی کۆمەڵگە سودی هەبێ لەوانە:

1.پێویستە لەسەر خێزانەکان هەر لە منداڵیەوە بە جۆرێك پەروەردەی کچەکانیان بکەن هاوشێوەی کوڕان ببنە کەسێك باوەڕیان بەخۆیان هەبێت و وکار لەسەر گەشەکردنی توانا جەستەیی و عەقڵیەکانی بکەن و هانیان بدەن ئامانجیان هەبێ لە داهاتوو خەون و خولیایان هەبێ و هەوڵی بۆ بدەن واتە کچانیش فێربکەن کە لەسەر پێیەکانی خۆیان بوەستن و بە ڕەنج و ماندوبونی خۆیان داهاتی خۆیان پەیدابکەن.

2.پێویستە لە خوێندنگاوە هانی منداڵان بدرێت بە کوڕو کچ بەوەی لە پشوی هاویندا کاربکەن بە تایبەت لە قۆناغی ئامادەیی تەنانەت پرۆگرامەکانی خوێندن بە جۆرێك دابڕێژرێت کە خوێندکار فێربکرێت هەر لە تەمەنێکی زووەوە حەزەکانی بزانێ و گەشەی پێبدات واتە فێری ئەوە بکرێت کە چاوەڕێی حکومەت نەبێ وەك فەرمانبەر دابمەزرێ بەڵکو خۆی پرۆژەی تایبەت بە خۆی هەبێ و ئیشی لەسەر بکات بە تایبەت مێیەکان.

3.تاکەکانی ڕاگەیاندن زیاتر بایەخ بەم ژنانە بدەن وەك نمونەی باڵا نیشانیان بدەن واتە فۆکەسی زیاتر بخرێتە سەر ژیان و ئەزمونی کاریان تا ببنە نمونەی باڵا بۆ ژنان و کچانی دیکە وە تەنانەت هانبدرێن بۆی سۆشیال میدیا بەکاربهێنێت لەم ڕووەوە.

4.حکومەت پێویستە پاڵپشتی دارایی ژنان بکات تا بتوانێ پرۆژە و کاری بچوکی تایبەت بە خۆیان بونیاد بنێن.

5.هەوڵ بدرێت لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاری وێنەی تەقلیدی ژن لە پێش چاوی کۆمەڵگە بگۆڕدرێت .

**سەرچاوەکان:**


یەکەم : سەرچاوە کوردیەکان

1 . شاملۆ ، سەعید ، قوتابخانەو تیۆرەکانی دەروونزانی کەسایەتی ، وەرگێڕانی فرمێسك ڕزگار – سیدۆ داود ، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما ، سلێمانی . چاپی یەکەم ، ٢٠١٩.

2. قەرەداغی ، مهاباد ، ئازادکردنی مێژوو ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٢.

3 . قەرەچەتانی ، کریم شەریف ، سایکۆلۆژیای گشتی ، چ ١، هەولێر ، ٢٠٠٦

4.مەجید ، ڤیان ، ژن-تاك-سیاسەت ، چاپخانەی بینایی، سلێمانی ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٧.

5.هەدییە ، عبداللە و مەحمود ، جاسم ، ڕۆڵی سیاسی ژن ، سەنتەری نیشتمانی بۆ لێکۆڵینەوەی جێندەر ، سلێمانی ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٧.

دووەم : سەرچاوە عەرەبیەکان

1.بیترجیك ، لوری رودمان ، علم النفس الأجتماعی للجندر (کیف تشکل الهیمنه والحمیمه للعلاقات بین النوعین ، ترجمه راقیه الدویك ، المرکز القومی للترجمه ، وزاره الثقافه ، القاهره ، ٢٠١٧.

2.حوسو ، عصمت محمد ، الجندر (الأبعاد الأجتماعیه هالثقافیه) ، دار الشروق للنشر والتوزیع ، الاردن ، ط ١ ، ٢٠٠٩ .

3. الخولی ، سناء ، الزواج والعلاقات الأسریه ، دار النهظه العربیه ، ١٩٨٤.

4.دعبس ، محمد یسری ابراهیم ، الثقافه والشخصیه (دراسات فی الانثروبولوجیا السیکولوجیه) ١٩٩٧ .

5. .رزاقی ، ابراهیم و امنه بختیاری واخرون ، عمل المرأة ( مقاربات دینیه والاجتماعیه ) ، ترجمه محمود سبکار ، مرکز الحضاره لتنمیه الفکر الاسلامی ، بیروت ، طبعه الاول ٢٠١٣.

6.عبیدالعزیز،سلامه ، و العقار ، عبدالسلام، علم النفس الاجتماعی ، دار النهظه العربیه ، القاهره ، ١٩٨٠

7.الساعاتی، سامیه حسن ، الثقافیه والشخصیه ، دار النهظه العربیه ، بیروت ، ط٢ ، ١٩٨٣.

8.السودیدی ، جمال السند ، المرأة والتنمیه ، الأمارات العربیه المتحدة ، ابو ظبی ، طبعه الثانی ، ٢٠١٩.

9. السید ،الحسینی ، النظریه الأجتماعیه و دراسه التنظیم ، دار المعارف ، طبعة الرابع ، مصر ، ١٩٨٣.

10. عبدالحمید ، عبدالمطلب ، اقتصادیات تمویل المشروعات الصغیره ، الدار الجامعیه ، الاسکندریه ، ٢٠٠٩.

11.غلیون ، برهان ، العولمه واثرها علی المجتمعات العربیه ، بیروت ، ٢٠٠٥.

12.لطفی ، طلعت ابراهیم ، النظریه العاصره فی علم الاجتماع، دار الغریب للطباعه والنشر والتوزیع ، القاهره ، ٢٠٠٩.

13.معجم اللغه العربیه ، المعجم الوسیط ، الجزء الثانی ،مطبعه مصر ، القاهره ، ١٩٦١.

14.مهنا ، أمیمه فؤاد ، المرأة والوظیفه العامه ، دار النهظه العربیه ، القاهره ، ١٩٨٤.

سێیەم : سەرچاوە ئینگلیزیەکان

20 . Oxford,Dictionary . p oo

21 . Duflo,E,women empowerment and economic literature , vol 50,NO 41,2012.

چوارەم : سەرچاوە فارسیەکان

22. دکاری ، فرانسیس ، کوربی ، کریستین ، ساختارهای جدید خانواده ، رساله الیونسکو ، العدد ٢٣٠ ، ١٣٦٨.

23.کثین ، بیل ملك ، تاملی در باره خانواده تك فرزمد ، مجله سیاحق غرب ، ٢٠١٥

نامەی ماستەرو تێزی دکتۆرا

یەکەم :سەرچاوە عەرەبیەکان

24.حسون ، تماضر ، تأثیر عمل المرأة علی تماسك الاسره فی المجتمع العربی ، المرکز العربی للدراسات الامنیه والتدریب ، الریاض ، ١٩٩٦.

25.عبدالله ،سمير و حتاوى،محمد ، سياسات تطوير مشاركه المرأة فى رياده الاعمال فى دوله فلسطين ، معهد ابحاث السياسات الاقتصاديه الفلسطينى ، ماس ٢٠١٤.

26.غيات ، بوفلجه ، المعوقات الثقافيه لسيدات الاعمال العربيات ، حاله الجزائر ، المؤتمر الاقليمى حول المشاريع المتناهيه الصغيره فى البلدان العربيه ، الكويت ، ٢٨-٢٩ اكتوبر ، ٢٠١٥.

27. فرحات ، ناديه ، عمل المرأة وأثره على العلاقات الاسريه الأكاديميه ، الدراسات الاجتماعيه والاقتصاديه ، العدد ٨ ، جامعه الشلف ، ٢٠١٢.

28.كازوز ، فاطمه عمر ، معوقات تمكين المرأة الاقتصادى والحلول المقترحه بمدينه ليبيا ، دراسه الحاله ، رساله ماجستير غير منشوره ، جامعه مولانا ابراهيم الاسلاميه الحكوميه مالانج ، ٢٠١٦.

29.منظمه العمل الدوليه، الضعف الرائدات الاعمال الشابات ، دراسه حاله عن الاقتصاد غير الرسمى الاثيوبى ،جنيف ،٢٠٠٩.

30.الوليدات ، عريب عبدالرحمن ، دور المشاريع الصغيره فى تمكين المرأة الريفيه فى محافظه مأدبا (٢٠١٠-٢٠١٤) ، دراسات العلوم الامسانيه و الاجتماعيه ، المجلد ٤٦ ، العدد ١، ٢٠١٩.

دووەم : سەرچاوە ئینگلیزیەکان

31. Tefera, Gemechis, Attitude of college students to wards Enterpreneurship , a case study of Addis Ababa, University and RIFT Valley university college , Addis Ababa , Ethiopia , 2007.

32. Smock ,Audrey chapman, womens education in developing countries opportunities and outcomes ,Newyork,1981.

33 .Nsengimana , Simon , CHALLENGES TO WOMEN ENTERPRENENURSHIP IN KIGALI , RAWANDA ,Thesis submitted in fulfillment of the requirements for the degree: master of technology , business Administration in Enterpreneurshi in the faculty of business and Management Sciences , sep,2017

سایتەکان

٤٣. منظمه العمل العالميه ، التحرش الجنسى فى المكان العمل ، بتاريخ ٢٠١٧ ، على الموقع الكلرونى ، http//www.ilo.org./wcmsp5/groups/public..endorm.

**ملخص البحث**

تنحصر مشكلة البحث فى ايجاد اجابة علمية لهذه الاسئلة : ماهى الدوافع التي تجعل من امرأة ما ان تصبح صاحبه عمل ؟ ما هى العوائق الثقافيه و العائليه التى تقف امام المرأة العاملة ؟ ما هى اثار عمل النساء على المرأة نفسها وعلى المجتمع ؟

الهدف الاساس للبحث هو معرفه العلاقة التى تربط المرأة العاملة بالعمل ، مع العوائق التى تقف أمامها بحسب الكثير من المتغيرات الاجتماعية مثل : العمر ، الحالة الاجتماعية ، الشهادة ، طبيعة العمل ، التجارة ، الصناعة ، الخدمات ، إن هذا البحث هو البحث نوعى يستند على منهج دراسه الحالة مستخدما وسيلة اللقاء المباشر، اما مجتمع البحث فيتكون من النسوة العلامات فى محافظة السليمانية ، وفى عينه البحث ، اختار الباحث اربعين امرأة عن قصد من نوع كره الثلج.

أهم النتائج التى توصل اليها الباحث ، تكمن فى ان غالبية عينة البحث تتراوح اعمارهن بين (٢٥-٤٥) عاما ، وهن متزوجات ، يعملن في مهن معينه مثل : اعداد الطعام ، تصميم المنزل ، رياض الاطفال ، الادارة ، الكفتريا .... الخ . ان معظمهن يؤكدن على الدوافع الرئيسه التى أدت إلى ايجاد العمل لهن ، والدوافع هذه مرتبطه بأسلوب التربيه العائلية ودعم العائله لهن ، الزوج على نحو خاص ، فضلا عن السعى الدائم لإحلال حياة سعيدة وكريمة لانفسهن ولأطفالهن ، والحصول على الاستقلال الاقتصادى الذى يكون بدوره عاملا أخر ، إذ نجد ان الشهادة و المستوى التعليمى و المهارة فى الاختصاص ، سهلت لهن حياة كريمة .

## Abstract:

This research is mainly focusing on finding a scientific response for the quest, it indicates the motives that make a woman become a business woman and aims at finding the challenges of the culture and family the working woman may encounter. It shows the community likewise.

Most importainly, the research aims to know about the relationship between the worker and community obstacles encountered in terms of many socially changed factors such as age, social status, and education, nature of the profession, business, industry, and services. This research is about auality depending on the status using an interview mechanism of investigative methodology for obtaining relastic and scientific data. The research targeted the female working people in sulaymaniyah. These targets were (40) working people considered specimens of research taken from the snows ball type.

Most importainly is the outcome of the research. Many of the research target specimens were between (25-45) years of age. They were married woman involved in the following fields of works, food makind, household designing, kindergarten and daycare centers, cafeteria, etc.

These outstandingtargets were mostly reterating that motives behind the idea of becoming workers were due to their family upbringing pedagogy, family and spouse support. However, their struggle within the working class was to achieve a deserving livelihood fir themselves and ther children. In addition, becoming finicially independent is another motive which their education, certificate, and knowledge facilitated the chance for them.